گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# «لێکۆڵینەوە لە بەئیسلامییکردنی کۆمەڵگە»

## جیاوازیی و لێکنزیکبوونەوەکانی نێوان ئیسلامی ئایین و ئیسلامی سیاسیی!

**م.د. ئیبراهیم سادق مەلازادە**

**ناوەندی جێندەر، جینۆساید، توژینەوەی کۆمەڵایەتیی (CGGSR) - زانکۆی سۆران**

ibrahim.sadiq@soran.edu.iq

**پوختە:**

لە نەوەدەکان بەدواوە لەکۆمەڵگەی کوردیی دا، پرۆسەی ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگە لەسەر هەردوو ئاستی ئیسلامی ئایین و ئیسلامی سیاسیی بەشێوەیەکی بەردەوام، لەهەڵکشاندا بووە و کاری خۆیان ئەکەن. دیارە کە ئەو دوو ڕەوتە بە دوو میکانیزمی جیاواز یان هاوشێوە، هەروەها وەکو دوو ئاڕاستەی جیاواز و بۆ ئامانجی جیاوازیش بەردەوامن لە پرۆسەی بە ئیسلامییکردن یان پارێزگارییکردن لەو دۆخە دیندارییەی کە هەیە. ئەوەی کە لەو توێژینەوەیەدا ئەمانەوێت جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەو مشتومڕەیە کە پێی وایە هەوڵ و کۆششەکانی ئیسلامی ئایین ئەچنە خزمەتی ئیسلامی سیاسیی و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەشدارە لە ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگە، لەپاڵ دەرەنجامی تردا، کە بە شێوەیەکی نەرێنیی ئەشکێنەوە سەر کۆمەڵگە.

بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی درووست بۆ ئەو مشتومڕەی-ئەرگومێنت- سەرەوە، داخۆ ئیسلامی ئایین کەوتۆتە ناو چوارچێوەی ستراتیژییەتی ئیسلامی سیاسیی لە بە ئیسلامییکردنی کۆمەڵگە، دوو میتۆد بەکارهێنراون، یەکەمیان وەرگرتنی ٢٠ وتاری وتاربێژەکانە، بۆ تێگەیشتن لە خودی وتارەکان و دەرهاوێشتەکانی. لە بەرامبەریشدا، پەیوەندیی بە ٧٠ کەسەوە کراوە کە پاشخانی ئیسلامییان هەبووە؛ داخۆ بەر لە پرۆسەی ئیسلامییبوونیان ئەو مزگەوتانەی کە سەردانیان کردوون سەر بە ئیسلامییەکان بوون یا سەر بە وتاربێژانی نەریتیی بوون، بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی داخۆ وتاری مزگەوتەکان تا چەند ئەچێتە خزمەتی ئیسلامی سیاسیی، لە پاڵ پرسیارکردن لەوانەی سەردانی مزگەوت ئەکەن.

ئەوەی لەو توێژینەوە تیۆرییە مەیدانییەدا خراوەتە بەر باس، دیاریکردنی هەوڵ و کۆششەکانی ڕەوتی ئیسلامی ئایینە، لە چوارچێوەی کۆمەڵناسیی فیگورێشندا پێی ئەوترێت «پرۆسەی سۆسیالیزەبوونی نەبینا یانە»، کە ناومان ناوە «ئیسلامی نەبینا »، وەکو پرۆسەیەکی پلان بۆ دانەنراو (unplanned). ئەوەش مانای وایە کە ئیسلامی ئایین ئاڕاستەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بە بێ ئەوەی مەبەستی هەبێت، بەشدار ئەبێ لە بە ئیسلامییکردنی کۆمەڵگە.

**وشە کلیلییەکان: ئیسلامی ئایین، ئیسلامی سیاسیی، وتاری ئیسلامی، رادیکالیزم، ئیسلامی نەبینا .**

Recieved: 7/7/2024
Accepted: 15/8/2024


E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

ئەکرێت لە هەرێمی کوردستان، وتاری ئیسلامیی دابەش بکەین بەسەر دوو جۆری سەرەکیی، جۆری یەکەمیان کە لەوانەیە تەمەنی درێژ بێت بەوەی بۆ تەمەنی هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان؛ لێرەدا بە ئیسلامی/ئایینیی لە چوارچێوەی"وتاری نەریتیی"دا چەمکسازیی (conceptualise) بۆ ئەکەین. جۆری دووەمیش وتارێکی تێکهەڵکێشی ئیسلامی/سیاسییە و لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە زیاتر تەشەنەی کرد و گەشەی سەند هەتا بە ئاستی ئەمڕۆ گەیشتووە، بە ئیسلامی سیاسیی چەمکسازیی بۆ کراوە. ئەوەی کە جێگەی تێڕامانە، دوای هەڵکشانی ئیسلامی سیاسیی (Political Islam)، دەستگرتنیان بەسەر بەشێک لە مزگەوتەکان لەرێی ئەو وتاربێژانەی کە چ بە شێوەیەکی فەرمیی لە مزگەوتەکان دامەزراون، یا بە سوودبینین لە میدیا و کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەتوانن دەنگیان بگەیەننە خەڵک.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، زۆرێک لە ئیسلامییەکان حەز بە تێرمی "ئیسلامی سیاسیی" ناکەن١ ، بەڵام تێکەڵکردنی ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان بە ئیسلامی ئایین، نەک هەر نازانستییە، بەڵکو بۆ خودی ئیسلامیش مەترسییدارە، بە حوکمی ئەوەی ئەبێ جیاوازییەک هەبێت لەنێوان ئایینی خەڵک و ئەو ئایدیۆلۆجیایەی کە یەکێکە لە دیاردەکانی مۆدێرنیتە و لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵداوە. یەکێک لەو توێژەرانەی کە بۆ یەکەم جار چەمکی "ئیسلامی سیاسیی" بەکار هێنا "مارتن سێت کرامەر" بوو لەنێوان ١٩٨٠ تا ٢٠٠٣، لە پەیمانگای واشنتن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیک١.

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا زیاتر جەختی لەسەر ئەکرێتەوە، گریمانەی سوودبینینی ئیسلامی سیاسییە لە وتاری نەریتیی کە "ئیسلامیی ئایین" نوێنەرایەتی ئەکات، بە شێوەیەکی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ و لەکۆتاییدا هەردوو وتارەکە کاریگەری راستەخۆ لەسەر کۆمەڵگە دائەنێن و پرۆسەی بە ئیسلامیزەکردن بەرەو پێشەوە ئەڕوات. هەر لەو چوارچێوەیەشدا، ئامانجی ئەو توێژینەوەیە؛ لەشەن و کەودانی ئەو گوتارەیە کە تا ئاستێکی زۆر کاریگەری راستەوخۆی لەسەر رۆح و سایکۆلۆجیای تاکی کورد داناوە. بۆیە، کاتی ئەوە هاتووە لە رووی زانستییەوە، هەڵبسەنگێنرێت و شرۆڤەی ئەو کاریگەرییانە بکرێت، کە کۆمەڵگەی بە شێوەیەکی بەرفراوان خستۆتە ژێر هەژموونی خۆیەوە. لەو توێژینەوەیەدا بەدوای دیوێکی شاردراوەدا بگەڕێین ، کە زۆربەی جاران خودی وتارخوێنەکان بیریان لێ نەکردۆتەوە و مەبەستیشییان نەبووە، ئەویش ئەنجامی ئەو گوتارەیە کە بەرهەم ئەهێنرێت بێ ئەوەی لەژێر جڵەوی خودی وتارخوێنەکان خۆیاندا بێت.

کەواتە؛ ئەو گرفتەی کە ئەو توێژینەوەیە کاری لەسەر ئەکات، دۆزینەوەی ئەو خەسڵەتانەیە کە لەو گوتارەدا هەن و ئەو دەرهاوێشتانەن کە درێژبوونەتەوە بۆ ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان. بە مانای ئەوەی کە وتارخوێنێك، بەشێوەیەکی خۆڕسک کۆمەڵێك رستە رییز ئەکات، ئەو بەئاگایە لەوەی کە وتارەکەی بە مەبەستی دانانی کاریگەرییەکی ئەرێنییە لەسەر خەڵک، بەڵام لەوە بێ ئاگایە کە بۆی هەیە ناوەرۆک و دەربڕینی وتارەکەی ئەو بەو شێوازە ببێت بە سەرچاوە بۆ توندئاژۆیی و زەبروزەنگ، یا لە خزمەتی ئیسلامی سیاسیی بشکێتەوە، بێ ئەوەی بۆخۆی ئامانجی هیچێک لەوانەی هەبێت بەتایبەتیش بەرهەمهێنانی زەبروزەنگ. لەو توێژینەوەیەدا هەوڵ ئەدرێت ئەو خەسڵەتانە بدۆزرێنەوە و بە وردیی بەدواداچوون بۆ سرووشتی وتار و ئەو دەرهاوێشتانەش بکەین ،کە لە ئاساییترین دۆخدا ئەکرێت بن بە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی توندتیژیی یاخود بەهێزبوونی ئیسلامیزم.

کاریگەریـی ئیسـلامی سیاسـیی بەسـەر سیسـتمی بیرکردنـەوەی دامـەزراوە ئایینیـی و لـە کۆمەڵایەتییەکانـدا ، کاریگەرییەکـی هەسـتپێکراوە کۆمەڵێـك ئاسـتی جیـاوازەوە. تـا ئـەو رادەیـەی، جیاوازیـی ئـەو دوو رەوتـە، واتـە رەوتـی  ئیسـلامی ئاییـن و رەوتـی ئیسـلامی سیاسـیی، لـە ئاسـتێکدا چـڕ بووەتـەوە کـە کـەم وایـە بیـری لـێ کرابێتـەوە، ئەویـش؛ رێکخراوبوونـی ئیسـلامی سیاسـیی و نارێکخراوەیـی ئیسـلامی ئایینییـە، ئەگـەر چەنـد دامەزراوەیەکـی وەکـو ئەوقـاف و یەکێتـی زانایانـی ئیسـلامییش سەرپەرشـتیی بکـەن، بـەڵام لـە ئەنجامـدا ناڕێکخـراوە. نارێکخـراوە؛ بـەو مانایـەی ئـەو خەڵکـەی کـە لەژێـر کارایـی ئیسـلامی ئاییـن دا گیرسـاونەتەوە، ناخرێنـە نـاو هییـچ چوارچێوەیەکـی سیاسـیی و هزریـی دیاریکـراوەوە و بـۆ هییـچ مەبەسـتێکی سیاسـیی جـۆش نادرێـن. بـە مانایەکـی تـر؛ ئیسـلامی ئاییـن هییـچ پلانێکـی سیاسـیی دیاریکـراوی نیـە بـۆ رێکخسـتن و ئاڕاسـتەکردنێکی مەبەسـتدار، بەڵکـو تاکـە ئامانجیـان، هێشـتنەوەی خەڵـک و وابەسـتەبوونیانە بـە بنەماکانـی خواپەرسـتیی و رەوشـتی ئایینـی لەلایـەک و لەلایەکـی ترشـەوە، پارێزگارییکردنـە لـە هەژموونـی وتارخوێنـەکان بەسـەر مزگـەوت و گوتـاری ئایینییـەوە.

ئیسـلامی ئاییـن، لەسـاڵانی پێشـتردا، بەتایبەتیـش وتارخوێنەکانـی لەنـاو بزووتنـەوەی سیاسـیی کـورددا، شـوێنی خۆیـان دەگرت و زۆربـەی جـاران رۆڵـی سـەرکردایەتی بزووتنـەوە سیاسییەکانیشـیان گێـڕاوە و تاکـە سـەرچاوەی ناسـینی ئیسـلام بـوون لـە کوردسـتان. ئەگـەر لـە پێگەیەکـی ڕێبەرێتیشـدا نەبووبـن، وەکـو شـێخ سـەعیدی پیـران ، قـازی محەمـەد و بـەدوای ئەوانیشـدا مسـتەفا بارزانـی، هەیـان بـوو، کاریگەرییەکـی راسـتەوخۆیان بەسـەر بیرکردنـەوە و ئاڕاسـتەکانی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کوردیـی دا هەبـووە. کاریگـەری ئـەو وتارخوێنانـە کـە هەندێکیـان ئاسـتێکی زانسـتی باشـیان هەبـووە، لەشۆرشـی ئەیلولـدا، بەرچـاو بـووە. هەندێـك لەوانـە نـاوی دیـار و ناسراوبـوون کـە لەگـەڵ مسـتەفا بارزانیـی دا رۆڵێکـی کارایـان گێـڕاوە و دامەزرێنـەری یەکێتـی زانایانـی ئایینـی ئیسـلام١ بـوون. لەوانـەش سـێ مـەلای نـاوداری پارێـزگای هەولێـر بـوون، وەکـو مـەلا وەیسـی گرتکیـی٢، مـەلا عەلـی مودەریـس٣ و مـەلا عوسـمان وەڵزیـی٤ و تـاد.

گرنگیـی ئـەو توێژینەوەیـە لـەوەدا چـڕ ئەبێتـەوە کـە شـێوازێکی تـر لـە کاریگـەری هەیـە هەسـتی پـێ ناکەیـن، لەوانەیـە بـۆ خۆمـان زۆرجـار گوتارێـک بخەینـە بەردەسـتی خەڵـك، بیرمـان لەدیـوە پێچەوانەکـەی نەکردبێتـەوە و سـەرنجمان نەدابێـت. کـە لێـرەدا ناومـان نـاوە «نەبینـا «. دەرخسـتن و پیشـاندانی ئـەو دیـوە نەبینـا یـە، گرنگـە بـۆ ئاینـدەی گوتـاری ئایینیـی، سـایکۆلۆجیای خەڵـک و رەوتـی سیاسـیی و ئیداریـی هەرێمـی کوردسـتان. لـەو روانگەیەشـەوە، ئەنجامەکانـی ئـەو توێژینەوەیـە گرنگـن بـۆ ئاینـدەی سـەقامگیریی سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـی هەرێمـی کوردسـتان، چونکـە گوتـاری ئایینیـی

1 (١)Sherkawayi, M.A., 2023. *53 Salei Damezrandnî Yekêtî Zanayanî Ayinî Îslamî Kurdistan*. Kurdistan 24. [online] Available at: <https://shorturl.at/Be6oR> [Accessed 6 August 2024].

٢(٢) مەلا وەیسی مەلا عبدالله گرتکیی؛ لە 20/2/1979 کۆچی دوایی کردووە.

مەلا وەیسی جگە لەوەی نەوەی زانای بەناو بانگ ئیبن ئادەمی باڵەك بوو، لە هەمان کاتدا قوتابخانەیەیەکی ئایینیی گەورەی هەبووە و چەندان مەلای ناسراو لەسەر دەستی ئەو بروانامەی مەلایەتییان وەرگرتووە . مەلا وەیسی یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی یەکێتی زانایان و لە ماوەی سالانی 1964 تاکو  1975 ئەبێتە قازی شەرعیی و  رۆڵێکی دیاری بینیوە لە چارەسەر کردنی کێشەکان. هەروەها ئەندامی لیژنەی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان حکومەتی عبدالکریم قاسم و شێخ رەشیدی لۆلان بووە.

٣ (٣) مەلا عەلی مەلا عەبدوڵا مودەریس (١٩١٥-٢٠٠٠).

ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی زانایانی ئیسلامیی کوردستانە و لە ١٩٧٠/٩/٢١ بە یەکەم سەرۆکی ئەو یەکێتییە هەڵئەبژێررێت. کەسێکی نزیك بووە لە مەلا مستەفا بارزانیی و هەر خۆی خاوەنی پرۆژەی یەکێتی زانایانی ئیسلامیی کوردستانە.

٤ (٤) مەلا عوسمان وەڵزی (١٩١٧-١٩٩١) یەکێك بووە لە مەلا بەناوبانگەکانی باڵەکایەتیی و ئەندامی لیژنەی فەتوا بووە لە سەردەمی شۆرشی ئەیلول و کەسێکی نزیك بووە لە مەلا مستەفا بارزانیی.

کاریگەرییەکـی راسـتەوخۆ لەسـەر لایەنـی دەروونیـی خەڵـك دائەنێـت، بۆیـە گرنگـە بزانیـن داخـۆ ئـەو گوتـارە رووی لـە چ ئاڕاسـتەیەکە و کۆمەڵگـەی ئێمـە بـەرەو کـوێ ئەبـات؟

سـنووری توێژینەوەکـە هەرێمی کوردسـتانە، بەشـێوەیەکی سـەرەکییش شـاری هەولێـر. وتارەکانـی ژمارەیەک لـە مزگەوتەکانی شـاری هەولێـر وەرگیـراون. لەچوارچێـوەی شـرۆڤەکردنی وتـاردا، لێکۆڵینـەوە بـۆ برگـە و سـەرنج و سرووشـتی وتـارەکان کـراوە و لـە دۆخێکـی ئاسـاییدا بەڕێوەچوون.

ئـەو میتـۆدەی لـەو توێژینەوەیـەدا پشـتی پـێ ئەبەسـترێت، میتـۆدی «شرۆڤەکردنـی وتـارە» کـە بـە ئینگلیزیـی ئەبێـت بـە (Discourse Analyse)، تیایـدا سـەرنجدان و تێبینیکردنـی ژمارەیـەك وتـاری وتارخوێنـە ئاسـایی و ناودارەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە چەنـد کاتێکـی جیـاوازدا لەمـاوەی سـاڵێکدا لەخـۆ ئەگرێـت. سرووشـتی ئـەو وتارانـە دابەشـکراون بـۆ چەنـد ئاسـتێك و لەهەمـان چوارچێوەشـدا هەوڵـی شـرۆڤەکردنی وتـارەکان ئەدرێـت .

لەپاڵ سرووشـت و کاریگەریـی وتاربێـژان، لـە دوو توێـی ئـەم پـرۆژە توێژینەوەیـەدا بـە گرنـگ زانـرا یـەک پرسـیار ئاڕاسـتەی ژمارەیـەک لـەو کەسـانە بکەیـن کـە سـەر بـە ئیسـلامی سیاسـیین, داخـۆ پێشـتر هاتووچـۆی مزگەوتییـان کـردووە یـان نـا، ئەگـەر هاتووچۆشـیان کردبێـت، چەنـد لـەو مزگەوتانـە وتارخوێنەکەیـان وتارخوێنـی ئیسـلامی ئاییـن بـوون یـان ئیسـلامی سیاسـیی؟!

لـە ئەنجامـدا ئـەو پرسـیارە ئاڕاسـتەی حەفتـا کـەس کـراوە، چ بـە تەلەفـۆن، یـا بـە ئیمێـڵ یـا لەڕێـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە پەیوەندییـان پێـوە کـراوە، لەوانـە پەنجـا و یـەك کـەس وەڵامـی داوەتەوە، لەسـەر ئاسـتی جیـاوازەوە، کـە هەموویـان ئەندامن، یـا ئەنـدام بـوون لـە یەکێـك لـە حیزبـە ئیسـلامییەکاندا. لـەو پەنجـا کەسـە؛ (٤٧) کـەس وەڵامیـان ئـەوە بـوو پێشـتر هاتوچـۆی مزگەوتییـان کـردووە و لەژێـر کاریگـەری یەکێـك لـە وتاربێژەکانـدا بـوون. لـەو ژمارەیـەش، تەنهـا ١٢ کـەس وەلامیـان ئـەوە بـوو کـە وتاربێژەکەیـان ئیسـلامیی بـووە، ئەوانـی تـر هیچییـان پەیوەنـدی بـە حیزبـە ئیسـلامییەکانەوە نەبـووە.

## لەنێوان ئیسلامی ئایین و ئیسلامی سیاسییدا

### ئیسلامی ئایین

مەبەسـت لـە ئیسـلامی ئاییـن، ئـەو ئیسـلامەیە کـە ئامانجەکانـی لـە چوارچێـوەی لێکدانـەوە و تەفسـیری دەقەکانـی ئاییندا دەرناچـن و نزیـک نابنـەوە لـە پانتایـی سیاسـیی، بەمانـای بەکارهێنـان و مۆبیلیزەکردنییـان بـۆ ئامانجـی سیاسـیی. ئیسـلام وەکـو ئاییـن پێکهاتـووە لـە قورئـان و فەرمـوودەکان و بەدواشـیدا ئـەو مەزهەبانـەی کـە خەڵـك پێیانـەوە پابەنـدە. ئیسـلامی ئاییـن، مێژووەکـی دوور و درێـژی لەنـاو خەڵکـی کوردسـتاندا هەیـە و حوجـرە و مزگـەوت لـە کوردسـتان نوێنەرایەتیـی ئـەو ئیسـلامەیان کـردووە و، سـەدان مـەلا و خەڵکـی شـارەزای لـە بوارەکانـی تەفسـیر و فیقـە و زانسـتە شـەرعییەکانی بەرهـەم هێنـاوە، پاشـان دەسـتەڵاتەکە رەهەنـدی ئیسـلامیی هەبووبـن یـان نـا. هەڵبـەت لـەوە بەئـاگام کـە خەڵکێکـی زۆر پێیـان وایـە ئیسـلام هـەم ئاینـە و هـەم سیاسـەت، بـەڵام ئـەم تێگەیشـتنە کێشـەدارییەکی -ئیشـکالییەتێکی- زۆری تێدایـە، بەتایبەتیـش لـە کۆمەڵگـە هاوچەرخەکانـدا، کـە کۆمەڵگـەی فرە-کولتـوور و فرە-هـزر و فرە-نەتـەوە و مەزهەبـن. لێـرەدا هەرگیـز مەبەسـت ئـەوە نیـە کـە خەڵکـی پابەنـد بـە بنەماکانـی ئیسـلام، سیاسـەت نەکـەن و نەبـن بـە سـەرۆکی وڵات، نەبـن بـە ئەنـدام پەرلەمـان و وەزیـر، بەڵکـو مەبەسـت لـە ئیسـلامی ئاییـن لەوەیـە «ئاییـن پەلکێـش نەکـەن بـۆ بەرژەوەنـدی سیاسـەت، مەبیـت بـە ئامرازێـک بـۆ ناسـەقامگیریی کۆمەڵگـە»٥. ئـەوە ئەمێنێتـەوە سـەر هـەوڵ و ماندووبوونـی هـەر تاکـە

5 Amer, A., 2022. Dragging religion into politics... a tool to destabilize the Arab societal entity. *The Eighth Day Foundation for Media and Studies*. Available at: https://alyoum8.net/posts/93057 [Accessed 30 July 2024].

کەسێک، لە دەوڵەتێک کە «هاوڵاتیبوون» ئەبێت بە بنەمای ئەرک و مافەکان، نەک زۆرینە و کەمینە، یا ناسنامەی ئایینی و مەزهەبیی. کەواتە ئیسلامی ئایین ئەو ئیسلامەیە کە دوور و نزیک هیچ ئامانجێکی سیاسیی نیە و لەپانتایی خۆیدا کاری رێنوێنیکردنی ئایینیی بۆ خەڵک ئەکات، کار لەسەر پەیوەندییە رۆحیی و رەوشتانە ەکانی مرۆڤەکان ئەکات، بێ ئەوەی جیاکاریی لەنێوان مرۆڤەکاندا بکات، بەتایبەتیش لەنێوان خودی موسوڵمانەکان خۆیان، وەکو ئەوەی کە ئیسلامی سیاسیی ئەیکات.

ئەم رۆڵەی ئیسلامی ئایین لەناو کۆمەڵگەی کوردیی دا هەیەتی، زۆربەی جاران رۆڵێکی تەواوکەر بووە، نەك لادەر، بەو مانایەی پێگە و رۆڵی ئەوان بە گشتیی هیچ وابەستەییەکی دەرەکیی تێدا نابینرێت و لەژێر کاریی هیچ فیکرێکی سیاسیی دەرەکیی دا نەبووە. ئەگەر کەم و کوورپشی هەبووبێت، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە بنەما ئایینییەکانەوە هەیە، سەرەرای هەندێك رەخنە لەسەر ئەو بەرنامە ئایینییە (مەنهەج)ی کە مەلاکان لە حوجرەکاندا ئەیانخوێند. لەگەڵ هەموو ئەوەش، کە سەرەتا هزریی ئیخوان موسلیمین دێتە کوردستان، بەقەد هزری حیزبی شیوعیی عێراق کاریگەریی لەسەر وتارخوێنەکان٦ نەبووە٧.

## ئیسلامی سیاسیی:

کەواتە ئیسلامی سیاسەت، ئەکرێت لەچوارچێوەی چەمکی حیزبی سیاسییدا شرۆڤەی بۆ بکرێت. لە روانگەی زانستە سیاسییەکانەوە حیزبی سیاسیی بریتییە لە «قەوارەیەکی بەکۆمەڵ، ململانێی بەکۆمەڵ بۆ گەیشتن بە پێگە سیاسییەکان رێک ئەخەن»٨. هەروەها لە ئینسکلۆپیدیای بریتانیکا بەم جۆرە حیزبی سیاسیی پێناسە ئەکات؛ «پارتی سیاسیی، کۆمەڵێک کەسی رێکخراون، لە پێناو بەدەستهێنان و بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی»٩. هەموو ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە حیزبی سیاسیی؛ کۆمەڵێک کەسن خۆیان رێک ئەخەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بە مانای ئەوەی ئەوە ئیسلامی ئایین نییە کە هەوڵی گەیشتن بە دەسەڵات ئەدات، بەڵکو کۆمەڵێک کەس لەرێی بەکارهێنانی ئیسلامی ئایینەوە، ئەیانەوێت بگەن بە دەسەڵات. لێرەدا ئیسلامی ئایین ئەکرێت بە ئامراز و تیایدا «ئایین پەلکێش ئەکەن بۆ بەرژەوەندی سیاسەت»١٠، کە بۆی هەیە ببێت بە ئامرازێک بۆ ناسەقامگیریی سیاسەت. بەدیوێکی ترشدا، لە مێژووی ئیسلامدا، تا دوای شۆرشی فەرەنساییش لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییش، حیزبی سیاسیی بەو شێوازە مۆدێرنە نەبوون، بەڵکو خودی حیزبی سیاسیی دیاردەیەکی مۆدێرنەیە و هەندێک لە زانایان ئاماژە بەوە ئەکەن کە «بۆ یەکەم جار پارتە سیاسییە مۆدێرنەکان لە سەرەتای بەریتانیای مۆدێرن لە سەدەی هەژدەمین دا گەشەیان کردووە»١١. کەواتە بە گشتیی حیزبی ئیسلامیی خۆی لەپاڵ حیزبە جیاوازەکانی تردا، «وەک پرۆسەیەکی

---

٦ لەجیاتی تێرمی «مەلا»، لەبەر دوو هۆکار، تێرمی وتارخوێن بەکار دێنم. یەکەم؛ میتۆدی کارەکە وتاری ژمارەیەک لەو کەسانەیە کە پێیان دەڵێن «مەلا». هۆکاری دووەم: تێرمی وتارخوێنم بەلاوە دروستترە، بەتایبەتش ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەوانە دەرچووی کۆلێژی شەریعەن لە هەرێمی کوردستان و بە پرۆسەی مەلایەتیی نەریتییدا تێنەپەریون.

٧لە شەستەکان، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەو سەردەمدا باو بوون و خەڵکێکی زۆر ئەوەیان بیردێت، رێژەیەکی زۆر لە مەلایەکان چوونە ریزی حیزبی شیوعیی. بۆخۆم لەو ناوچەیەی کە تیایدا لەدایکبووم، ناوی چەند مەلایەک ئەزانم.

8 Aldrich, J.H., 1995. Why parties? The origin and transformation of political parties in America. University of Chicago Press.

9 Duverger, M. (2024, July 25). political party. Encyclopaedia Britannica. https://www.britannica.com/topic/political-party

10 Amer, A., 2022. Dragging religion into politics... a tool to destabilize the Arab societal entity. The Eighth Day Foundation for Media and Studies. Available at: https://alyoum8.net/posts/93057 [Accessed 30 July 2024].

11 Jones, J.R., 1961. The First Whigs: The Politics of the Exclusion Crisis, 1678-1683. (No Title).

دینامیکی ئەمێنێتەوە کە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەیە لەنێوان رەوتە سیاسییە کێبڕکێکارەکاندا»١٢. لەو بوارەشدا، یەکەم حیزبی ئیسلامیی لەچوارچێوە مۆدێرنەکەیدا، بزووتنەوەی ئیخوان موسلیمین بوو کە لە ١٩٢٨ لە میسر لەلایەن حەسەن بەنناوە دامەزرا١٣.

لێرەدا، لەوە تێئەگەین ئیسلامی ئایین لە کوردستان، کە هەندێک جار بە ئیسلامی کوردیش ناوزەد ئەکرێت١٤، ئیسلامێکی ماڵیکراوە، نوێنەرەکانی هەژموونێکی رۆحییان بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە و لەو دەروازە نەریتییەشەوە، ئەیانەوێت پارێزگاری لە هەژموونی ئایین بکەن. هەر ئەوەشە وائەکات مەلا سەعیدی کوردیی واز لە ئیسلامی سیاسەت بێنێت و روو لە ئیسلامی ئایین بکات١٥.

## دەبەریەکڕاچوونی ئەو دوو ئیسلامە

لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، رۆڵی ئەو دوو ئیسلامە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. بەشێوەیەکی پڕۆسەدار، هزری ئیخوان موسلیمین و هزری سەلەفییش بەهەردوو باڵە سەرەکییەکەیەوە، کاریگەرییەکی زۆر ئەخەنە سەر ئەو توێژی ئیسلامی ئایین (محەمەدی, ر (٢٠١٩)١٦. سەرەتا ئەو کاریگەرییە بە پێکدادان دەست پێ ئەکات و رووبەڕووبوونەوەیەکی توند لەنێوان ئەو دوو توێژە رووئەدات، بەتایبەتیش «سەلەفییەت»، کە بە «وەهابییەت» یش ناسراوە، لەگەڵ وتارخوێنەکان لەناوخۆی شار و باژێڕەکان دا. دیارە کە سەلەفییەت تا ئەمڕۆش وەکو فۆرم لەلایەن رێژەیەکی زۆر لە وتارخوێنەکاندا رەدکراوەیە، بەڵام لەچوارچێوە نەریتییەکەیدا کاریگەری خۆی داناوە. بۆ نموونە؛ هزریی ئیبن تەیمیە کاریگەرییەکی دیاری لەسەر زۆرینەی وتارخوێنەکاندا هەیە و بەزانایەکی گەورە هەژمار ئەکرێت، بەجۆرێک کەم وایە کتێبخانەیەکی وتارخوێنێکی کورد بدۆزرێتەوە، کتێبەکانی ئیبن تەیمییەی تێدا نەبن. لەو رێگایەوە، کاریگەری ئیبن تەیمیە بە ئاستی جیاواز بەسەر هەردوو ئاڕاستە نەریتیی و سیاسییەکەییەوە، ئەبینرێت. ئەبینرێ ئەو کاریگەرییەی ئیسلامی سیاسیی بەسەر ئیسلامی ئایینەوە، لەچەند ئاستێکی جیاوازدا بدۆزینەوە. دیارە، ئەتوانرێت وتارخوێنەکانی سەر بە ئیسلامی ئایین، دابەشی سەر دوو نەوە (generation) بکەین.

نەوەی یەکەم: ئەو مەلایانەن کە رێژەی هەرەزۆرییان بەتەمەندا چوون و لەڕووی هەژموونەوە پاشەکشەیان کردووە، بەتایبەتیش کەمییان لە ژیاندا ماون، یاخود پیربوون و کەمتر ئەتوانن رۆڵی پێشوویان ببینن.

نەوەی دووەم: دەرچووانی کۆلێژەکانی شەریعە و قوتابخانە ئایینییەکانن، کە هەژموونێکی تەواوییان لەناو رەوتی ئیسلامی ئاییندا هەیە. زۆرێک لەوانە، بەشێوەیەکی گشتیی ئەگەر ئەندامیش نەبن لەناو حیزبە ئیسلامییەکان، لەژێر کارایی هزر و دونیابینیی ئیسلامی سیاسیی و "رەوتە سەلەفییەکان" دان و لەژێر کاریگەری وتاری "ئیسلامی سیاسیی" دان بەهەمان میکانیزم بیر ئەکەنەوە، کە هەندێکییان تا ئاستی توندڕەویی ئایینیی رۆیشتوون.

کاریگەریی ئیسلامی سیاسیی و رەوتە سەلەفییەکان، ئەتوانرێت بەئاسانی لە وتاری هەینیی ئەو وتارخوێنانەدا بدۆزرێتەوە و هەستی پێ ئەکرێت، ئەگەر بەراوردێکی خێرا بکەین لەنێوان توێژی یەکەمی ئیسلامی ئایین و توێژی

12 Saeed, M.E.-S., 2006. Islam, State and Politics: The Dialectic of Separation and Connection. Cairo: Cairo Centre for Human Rights Studies.
13 Obaid, N., 2017. The Muslim brotherhood: A failure in political evolution. Harvard Kennedy School Belfer Center Paper. P.5
14 Soleimani, K., 2016. Islam and competing nationalisms in the Middle East, 1876-1926 (p. 93). New York: Palgrave Macmillan.P.5
15 Salih, H.M., 2024. Saeedi Kurdi Noorsi: "Le Siyasetewe bo Rizgarkirdinî Îman", From Politics to the Salvation of Faith. Centre for Future Studies.
16 Mohammadi, R., 2019. Islamism and the Kurdish Question in East Kurdistan. Journal of Radiation. Available at: https://shorturl.at/p2tuy [Accessed 30 July 2024].

دووەمدا، ئەبینین دووەمییان وتارێکی بەسیاسیی کراوە و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەناو خودی کێڵگەی ئیسلامیزمدا، جیاکەرەوەیە و کۆکەرەوە نیە.

ئەوەی کە گرنگە لەپاڵ ئەوەدا ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسیی بەرهەمی راستەوخۆی مۆدێرنیتەیە لەڕووی فۆرم و تاکتیکەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە ناکرێت، ئەو کاریگەرییە و ئەو بزوتنەوە ئیسلامییانە بخرێنە یەك تای تەرازووی بیرکردنەوە و قۆناغبەند نەکرێن، بەڵام ئەوە بابەتێکی فراوانە و لەو توێژینەوەیەدا ناکرێت بچینە ناو وردەکارییەکانەوە. لەپاڵ ئەوەشدا بە ئاستێکی کەمتر، مۆدێرنیتە کاریگەریی لەسەر ئیسلامی ئایین داناوە و توانیویەتی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەبونیاد و بیکردنەوەی وتارخوێنەکاندا درووست بکات.

## سۆسیالیزەبوونی نەبینا و چوارچێوەی تیۆری

چەقی تیۆریی ئەم توێژینەوەیە، کۆمەڵناسیی شێوەییە (Figuration)، کە بە پرۆسەی کۆمەڵناسییش ناسراوە، هەردوو دیوی ورد (میکرۆ) و درشت (ماکرۆ) لە کۆمەڵناسییدا لە خۆ ئەگرێت. لەو پرۆسەیەدا، کە لە ئەدەبیاتی نۆربێرت ئەلیاسەوە هەڵێنجراوە، بۆ ئەوەی لە ئێستا تێ بگەین، ئەبێ لە رابردووش تێ بگەین. بەمانایەکی تر، ئەگەر لە هەر بابەتێك و لە هەر بوارێك بکۆڵینەوە، ئەبێ وەکو پرۆسە کاری لەگەڵدا بکەین. لێرەدا "ڤان کریکن" وەها شرۆڤەی کۆمەڵناسیی شێوەیی ئەکات کە "تاکەکان تەنیا لە وابەستەیی بە یەکتریانەوە ئەتوانرێت لێیان تێ بگەی وەک بەشێک لە تۆڕەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یان ئەوەی کە ئیلیاس ناوی ناوە فیگورێیشن "١٧. لێرەدا، لە چوارچێوەی ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییەدا، تاکەکان و گرووپەکان هەمیشە پلانیان هەن، بەڵام لە دەرنجامی هەر پلانێك کۆمەڵێک دەرهاوێشتەمان ئەبێت، لە دەرەوەی ئەو پلانەن کە پێشتر دارێژراوە و کاری بۆ کراوە. ئەو دەرەنجامانەی کە لە دەرەوەی پلانەکاندا بەدەست دێن، لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تاکەکان یا گرووپەکانن. واتە ئەو دەرەنجامە بێ ئەوەی خواست و مەبەستی کەسەکان بووبێت، رووئەدەن.

بەو جۆرە، هەموو ئەو دەرهاوێشتانەی لە ئەنجامی هەر چالاکییەکی مرۆیی رووئەدەن، ناکرێت لە دەرهاوێشتەی ئەرێنیی یا نەرێنیی لە دەرەوەی دەرئەنجامەکانی کارە پلانبۆدانراوەکان، جیا بکرێنەوە. کەواتە دابەشکردنی "پلان، یان بێ پلانیی، بۆ دوو جۆری تاکلایەنە، وەک دابەشبوونێکی درۆینە"ی لێ دێت١٨.

بەوجۆرە، توێژینەوەکە خۆی لە چەمکی کۆمەڵناسیی فیگورێشندا ئەبینێتەوە، کە پێی ئەوترێت پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردن یا سۆسیالیزەبوونی «نەبینا ». بەکۆمەڵایەتییکردنی (socialising) «نەبینا »، لێرەدا پەیوەندی بە وتاری «ئیسلامی ئایین» واتە وتاری نەریتیی وتاربێژەکانەوە هەیە، لە پرۆسەی سۆسیالیزەکردنی وتارێک، کە لە کۆتاییدا ئاراستەیەکی جیاواز لەوەی مەبەستییانە وەرئەگرێت. لە بنەڕەتدا دوو وتاری جیاوازمان هەن لە دوو چوارچێوەی جیاواز، لەناو ئێستای موسوڵمانانی باشووری کوردستاندا، ئەوانیش بریتین لە فۆرمەکانی ئیسلامی ئایین و ئیسلامی سیاسیی بە سەلەفیەتیشەوە. ئەو دوو کێڵگەیە هیچییان سەربەخۆ کار ناکەن. هەردووکیان تێکەڵبوون و سنوور یا تخوبی یەکدی دەبەزێنن و بەشێوەیەکی «پلاندار» یا «بێ پلان» یەکدی تەواو ئەکەن. لەکۆتاییشدا، کێڵگەی ئیسلامی سیاسیی سوودمەندی یەکەمە لە پەرەسەندنەکانی کێڵگەی ئیسلامی ئایین. بۆیە وتاری ئایینی بەگشتیی سرووشتێکی سیاسییانەی وەرگرتووە.

بەئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگە، پرۆسەیەکی مەبەستدارە و لەگەڵ هاتنی ئیسلامی سیاسیی بۆ کوردستان، دەستی پێکردووە.

---

17 Van Krieken, R., 1994. Norbert Elias and process sociology. structure, 443, p.6.
18 Ibid.

ئـەو ئاسـتە بەناسـینەوەی ڕەهەنـدە سیاسـیی و مۆتیڤەکانـی بزووتنـەوە و گرووپـە ئیسـلامییەکان دەناسرێتـەوە، کـە لەفۆرمـی گشـتییدا ئەتوانییـن ئـەو ئاسـتە نـاو بنێیـن ئاسـتێکی مەبەسـتدار. بـەو مانایـەی هیـچ‌یەک لـە کار و چالاکییەکانـی ئـەو ئاسـتە لـە دەرەوەی پـلان و ڕێکخراوەییـدا بەڕێـوە ناچـن. ئاسـتی دووەمیـش ئەکرێـت نـاوی بنێیـن پرۆسـەی سۆسـیالیزەبوونی نەبیینا (Blind Social Processes)، یـا بـێ پـلان (unplanned). بـەو مانایـەی ئـەو ئاسـتە ڕاسـتە لەچوارچێوەیەکـی ڕێکخـراودا بەڕێـوە ناچێـت، بـەڵام لەکۆتاییـدا ئەکەوێتـە خزمەتـی ئاسـتی یەکـەم و لێـی سـوودمەند ئەبـن.

ئـەو چەمکانـەی کـە لـەو چوارچێـوە تیۆرییـەدا کاریگەریـی خۆیـان هەیـە و بەبەردەوامـی و بەیەکـەوەش کار ئەکـەن، چـوار چەمکـی سـەرەکیین، ئەوانیـش بریتییـن لـە چەمکـی پەیوەندییـە ئاڵوگۆڕەکان، یـا هاوپێوەنـدیی (interrelationship)، بەیەکەوەبەندیـی یـا پێکەوەبەندبـوون (interdependence)، ئاوێتەبوونـەکان (interweaving)، تـا ئەگاتـە کارلێککـردن یاخـود کاریگەریـی لەسـەر یەکـتر دانـان (interaction)١٩. ئەمـەش مانـای وایـە پەیوەندییـەکان بنەمایەکـی سـەرەکیی کاراکتـەرە کۆمەڵایەتییەکانـن، لەوێشـەوە بەیەکەوەبەنـدی دەسـت پێئـەکات تـا ئەگاتـە ئاسـتی ئاوێتەبـوون و درووسـتبوونی تـۆڕی گـەورە و لەئاکامیشـدا کاریگەریدانـان لەسـەر یەکـدی. دەو نێوەندەشـدا، ئینتەگرێیشـن یـا تێکەڵبـوون لەنـاو هزریـی ئیسـلامیدا درووسـت ئەبـێ، چونکـە خـودی ئـەو فیکـرە نامـۆ نیـە بـە چەمکـە ئایینیـی و کـۆدە سـەرەکییەکانی دیـن لەنـاو هـەردوو کێڵگـەی ئایینیـی و سیاسـییدا، لەلایەکـی ترشـەوە، خـودی وتارخوێنـەکان لەنـاو کێڵگـەی نەریتییـدا وشـیارنین بـەو ڕەوتـەی ئیسـلامی سیاسـیی و سـەلەفییەکان کـە بەهەمـوو ئامرازێکـەوە هەوڵـی هاتنـەژوورەوەی نـاو کایـەی ئیسـلامی ئاییـن ئـەدەن بـە مەبەسـتی دانانـی هەژموونـی خۆیـان لـەو پانتاییـەدا.

لـەو توێژینەوەیـەدا، ئێمـە لەبـەردەم چەندیـن نموونـە و ئاسـتی جیـاوازی وتـاری ئایینـی نەریتییدایـن، لـە چوارچێـوەی ئیسـلامی ئاییـن دا. ئـەو وتارانـە چەندیـن فۆرمـی جیـاواز لەخـۆ ئەگـرن؛ سـادەیی «نـەک بەمانـای پێچەوانـەی ئاڵۆزیـی، بەڵکـو بـە مانـای کـرچ و کاڵیـی لێکدانـەوەکان» و زاڵبوونـی پۆپۆلیـزم بەسـەر زۆربـەی ئـەو وتارانـەدا. سـیماتە گشـتییەکانی ئـەو وتارانـە خـۆی لـە زێدەڕۆیـی و هانـدان و شـێواندنی سـایکۆلۆجیای دینـدارەکانـدا ئەبینێتـەوە. ئـەم ڕوواڵەتانـە، زۆر بەئاسـانی لەچوارچێـوەی پرۆسـەی سۆسـیالیزەبوونی نەبیینـا دا بەئاڕاسـتەیەکی نەخـوازراودا بـۆ خـودی زۆرینـەی ئـەو وتارخوێنانـە، ئـەڕۆن. سـوودمەندی سـەرەکیی لـەو سـادەیی و پۆپۆلیزمـەدا ئیسـلامی سیاسـیی ئەبـێ.

بە تێگەیشـتنی نۆربێرت ئەلیاس، ئەو دەرهاوێشـتانەی کە لە دەرەوەی پلان و خواسـتی کۆمەڵناسـیی شـێوەیی «سۆسـیۆلۆژیای فیگورێیشـندا» بەڕێـوە ئەچـن، بـۆی هەیـە کاریگەریـی گەورەتریـان لەسـەر ئاینـدە و ژیانـی ئاڵـۆزی مرۆڤەکانـدا ببێـت، چ ئەرێنیـی «پۆزیتیـڤ»، یـا نەرێنیـی «نێگەتیـڤ» بـن. بۆیـە ئەلیـاس لـە کتێبـی «سۆسـیۆلۆژیا چییـە» (١٩٧٨) گریمانـەی ئـەوە ئەخاتـەڕوو کـە هاوبەندبوونـی ئاوێتەبوونـی ئەوپەیوەندییانـەی مرۆڤەکان پێکیـان دێنـن و درووسـتیان ئەکـەن، لەئاکامـدا ئاڵـۆز ئەبـن و کۆنتـڕۆڵ ناکرێـن٢٠. هـەر لەبـەر ئـەو هۆکارەشـە کـە ئەسـتەمە بـۆ هـەر تاکێـك، وێنەیەکـی خاوێـن درووسـت بـکات و ئاڕاسـتەی ڕووداوەکان کۆنـترۆڵ بـکات.

## بەرهەمهێنانی «نەبیینا «

ئەگـەر ڕوو لەهـەر وتارخوێنێـك بکەیـن و پرسـیاریان لـێ بکەیـن، داخـۆ بەشـدارن لـە بەهێزکردنـی ئیسـلامی سیاسـیی، یاخـود بەرهەمهێنانـی ڕادیکاڵیـزم؟ بەبـێ سـێ و دوو زۆربەیـان، ئەوانـەی کـە پەیوەندییـان بـە ئیسـلامی سیاسـییەوە نیـە، لەوەڵامـدا ئەڵێـن؛ «ئێمـە نـەك بەشـدار نیـن بەڵکـو دژی ڕادیکاڵیزمیـن. وەک وتاربێـژی ژمـارە (٢٦) دەربڕیـوە و ئەڵـێ «دژی

19 Van Krieken, R., 1994. Norbert Elias and process sociology. structure, 443, p.4.
20 Elias, N., 1978. What is sociology?. Columbia University Press.

ئەوەیـن لاوانمـان بـەرەو سـەلەفییەت و ئیسلامی سیاسـیی بـڕۆن». ئـەم وەڵامـە لـە فیکـر و هـزری ئـەو وتارخوێنانـەدا زۆر لـە ڕاسـتیی و لـە واقیعـەوە نزیکـە٢١،٢٢. زۆرینـەی ئەوانـە بـە هیـچ جۆرێـك پلانییـان بـۆ ڕادیكالیزەكـردن و بـە سـەلەفییكردنی هیـچ كەسـێك دانەنـاوە. ئـەی كەواتـە پەیوەندیـی ئـەو وتارخوێنانـە بـە ئیسـلامی سیاسـیی و بـە سـەلەفییەتەوە چییـە و چـۆن بـەرەو ئیسـلامیزم و سـەلەفیزم ئـەڕۆن؟

لێـرەدا، زیاتـر لـە (٢٩) وتـاری مزگەوتـەكان بـە وردیـی شرۆڤەكـراون. بەشـێك لـەو وتارانـە هـی ئـەو وتارخوێنـە دیـار و بەناوبانگانـەن كـە پێگـە و ڕۆڵێكـی بەهێزییـان لەنـاو خەڵكـدا هەیـە. بەشـێكیش لـەو وتارانـە لەمـاوەی مانگێكـدا، واتـە لەچـوار هەفتـەدا، لەپێنـج مزگەوتـی جیـاوازدا، بەشـێوەیەكی مەیدانیـی، چاودێریـی كـراون و پێكهاتـە و ناوەڕۆكـی وتـارەكان شـرۆڤە كـراون. كـۆی وتارەكانیـش ئەكاتـە (٢٩) وتـاری جیـاواز. لـەو بیسـت و نـۆ وتـارەدا ئاڕاسـتەی وتـارەكان لـەڕووی بابەتییـەوە (ئۆبجێكتیـڤ) پۆلێـن كـراون بـۆ پێنـج ڕەهەنـد، كـە بریتیـن لـە ڕەهەنـدی سیاسـیی، خواپەرسـتیی و ئـاكار، ڕەهەنـدی پەروەردەیـی و میانەڕەویـی، ڕەهەنـدی تونـد و ڕادیـكاڵ و ڕەهەنـدی ئابووریـی و ئیداریـی. ئـەو ڕەهەندانـە بـە مەبەسـتی دیاریكـردن و لێكدانـەوە و شـرۆڤەكردنی ئـەو دەقانەیـە كـە پەیوەندییـان بـەو بابەتانـە (theme) وە هەیـە. بـەڵام بەهـۆی فراوانبوونـی توێژینەوەكـە تەنهـا پەرەگرافەكانـی ژمارەیـەك لـەو وتارانـە لێـرەدا دانـدراون و قسـەیان لەسـەر كـراوە. هەروەهـا، لەسـەر ئاسـتی خـود یاخـود (سـەبجێكتیڤەوە) وتارخوێـن، لەسـەر مینبـەر لەبەرامبـەر خەڵكێـك قسـە ئـەكات كـە چەندیـن ئاسـتی فیزیكیـی و هزریـی و ڕۆشـنبیریی جیـاواز لەخـۆ ئەگـرن. ئاسـتەكان هەرگیـز لەلایـەن وتارخوێنانـەوە ناتوانرێـت كۆنتـڕۆڵ بكرێـن و دیـاری بكرێـن. زۆربـەی وتارخوێنـەكان بـەو ئاسـتانە وشـیاریش نیـن، بـەوەی لەوانەیـە هەندێـك لـەو وتارانـە، یاخـود هەندێـك قسـە و ڕسـتە لـەو وتارانـە بـبن بـە فیتنـە بـۆ هەندێـك كـەس. لەنـاو دانیشـتوانی ئـەو مزگەوتانـە؛ نەخوێنـدەوار و منـداڵ هـەن. شـێوازی قسـەكردن، كاریگەریـی دانـان بەشـێوازی گریـان و پاڕانـەوە. بەكارهێنانـی هەندێـك چەمكـی زبـر، كـە لەنموونەكانـدا باسـییان ئەكەیـن.

بێگومـان، بـە مەبەسـتی ڕەوشـت و ئێتیكـی توێژینـەوە نـاوی وتاربێـژەكان بـە گشـتیی بـە نهێنیـی دەمێننـەوە و هیـچ ناوێـك ئاشـكرا ناكرێـت، بەوانەشـەوە كـە دیداریـان لەگـەڵ كـراوە. جگـە لـەوەش، بـۆ ئـەو توێژینەوەیـە بەپێـی پۆلێنـەكان تەنهـا هەندێـك پەرەگـراف لـە وتـارەكان وەرئەگیرێـن و بەشـێوەیەك كـە وتاربێـژەكان و وتارەكانییـان نەناسرێنـەوە، بەچاوپۆشـین لـەوەی كـە هەندێـك وتـار لەتـۆڕی ئینتەرنێتـدا بڵاوبوونەتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش ناوەكانییـان ئاشـكرا ناكەیـن، چونكـە شرۆڤەكردنەكـە پەیوەنـدی بـەو بابەتـەوە هەیـە نـەك بـە نـاوەكان.

## وتاری ئایینی و ئاستە جیاوازەکان

یەكێـك لـە كێشـەی ئـەو وتارانـە ئەوەیـە بـۆ هەمـوو خەڵكـن، بـەو مانایـەی ئـەو كەسـانەی لـە مزگەوتـەكان ئامـادەن، لـە هەمـوو چیـن و توێـژ و تەمەنەكانـەوە لەخـۆ ئەگـرن. ئـەوەش دیـارە كـە ڕێژەیەكـی زۆر لـە وتاربێـژەكان تەنهـا دەرچـووی پەیمانـگا ئایینییەكانـن و لەباشـترین حاڵەتـدا دەرچـووی زانكـۆن و شـارەزای بـواری وتاربێژیـی نیـن، بۆیـە ئەبینیـن زۆربـەی وتـارەكان پۆپۆلیسـتانەن، یاخـود تۆقانـدن و ترسـاندنن، زۆربـەی جاریـش بـە دەنگێكـی بـەرز و خۆسـووركردنەوەیە.

هەڵبـەت هـەر كەسـێک بیەوێـت، لـەوە تێئەگات كـە لـە ئەنجامـی تێكەڵبـوون و چاودێریكردنـی سـەردانیكەرانی مزگەوتەكان جیـاوازی ئاسـتی بەشـداربووانی مزگەوتـەكان بـە ڕۆشـنی دەرئەكەوێـت. هەمـوو بەشـداربووانی مزگـەوت لـە خێـزان و

21 Here is the reference in Harvard style: Wishe.Net, 2016. *No mele le witari ayinî durxiarwnetewe*. [online] Available at: <https://shorturl.at/yuzEk> [Accessed 6 August 2024].
22 NRT, 2016. Durxistneweî Melayekan le wirtarî Ayinî. [online] Available at: https://shorturl.at/FTdsp [Accessed 6 August 2024].

ژینگەی تایبەتەوە روو لە مزگەوت ئەکەن. تێگەیشتنی تاکەکان بۆ کێشە هەمەجۆرەکان، جیاوازە. بۆ نموونە؛ کە یەکێك لە پێش گرووپێکەوە بگریی؛ کاردانەوەی خەڵك وەکو یەك نیە. هەندێك هەن لەگەڵ ئەو کەسەی کە ئەگریی، دەست بە گریان ئەکەن، یا هەر هیچ نەبێت قورگیان پڕ ئەبێ لە گریان. هەندێك کەسی تر هەن ئەگەر دەیان کەسیش لەبەردەمیان بگریین، گریانییان نایەت. لەوانەشە هەندێك جار کاردانەوە لەدژی وتاربێژەکان لەدۆخی گریاندا بەگاڵتەپێکردن کۆتایی بێت. بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئامادەبووان هەموویان باوەڕدارن بە ئاستی جیاواز، کەمتر بە رق، یا بە گاڵتە کاردانەوە ئەنوێنرێت، چونکە کەمتر بە رەخنەوە گوێ لەوتارەکان ئەگرن. هەر سەبارەت بە ئاستی تێگەیشتن و کاریگەریی لەسەر ئامادەبووان؛ لە یەکێك لە وتارەکانی رۆژی هەینی دا، وتارخوێنەکە زۆر بەکوڵ و لاڵانەوە ئەگریا و وتاری ئەدا. لە دوای خوتبە و لە دەرەوەی مزگەوت، پرسیار لە ٢٠ کەس کرا داخۆ رایان چیی بوو لەسەر شێوازی و ناوەرۆکی وتارەکە:

شەش کەس پێیان وابوو، شێوازی وتارەکە زۆر کاریگەر بوو و ناوەرۆکەکەشی زۆر سوودبەخش بوو، هەوڵ ئەدەن پێڕەوی وتارەکانی وتارخوێنەکە بکەن. ئەم جۆرە کاریگەرییە ئەچێتە ناو زیاتر لە چوارچێوەیەکەوە کە بریتین لە پێکەوە بەندبوون (interdependence)، هاوپێوەندیی (interrelationship) و تەنانەت کارلێککردن (interaction) و لە ئاکامیشدا ئاوێتەبوون (interweaving) لەناو هەمان ئەو تۆڕەی کە وتاربێژەکە دروستی کردووە.

پێنج کەس وتییان: راهاتووین لە شێوازی ئەو جۆرە وتارانەی مامۆستا، ناوەرۆکەکەشی زۆر جار دووبارە ئەبێتەوە و ئاساییە. لێرەشدا، هەم پێکەوە بەندبوون، هاوپێوەندیی و تەنانەت کارلێککردن و لە ئاکامیشدا ئاوێتەبوون هەیە بەڵام ناگاتە ئاستی پێشووتر، چونکە لای بەشداربووان ئاسایی بۆتەوە.

حەوت کەس پێیان وابوو ئەم شێوازە ئازاریان ئەدات و وتاردان بەبێ گریان باشترە. ناوەرۆکی وتارەکەش درێژ و دووبارەیە (وتاری ژمارە ١٠: ٢٠١٨). دووبارەبوونەوە لەشێواز و لە ناوەرۆك بێزارکەرە. لێرەدا، کارلێککردن هەیە بەڵام کارلێککردنی پێچەوانە، کە دۆخێکی دەروونیی خەمناکی دروست کردووە، لە چوارچێوەی ئاوێتەبووندا.

کەسێکیش وتی؛ جارێکی تر ناگەڕێمەوە ئەو مزگەوتە. نە شێوازەکەم بەدڵ بوو و نە ناوەرۆکەکە. لێرەشدا هەمان کارلێیکردنی پێچەوانە دروست بووە و ئەبێت بە هۆکارێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئاوێتەبوون.

دواکەسیش پێی وابوو ئەو فرمێسکانە هەر لە فرمێسکی تیمساح ئەکەن. ناوەرۆکی وتارەکەش لە هی ئەبوبەکری بەغدادی ئەچێت و تەوزیفکردنی دینە لە پێناوی ئامانجی سیاسیی. ئەم کاردانەوەیە، هێندەی خوێندنەوە و وەسفە بۆ وتارەکە هێندە کارلێککردن نیە و هۆکارێکیشە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئاوێتەبوون.

جیاوازیی لەو راوبۆچوونانە، کارێکی سرووشتییە لەبەر هۆکارێکی سادە، ئەویش ئاستی تێگەیشتن و جۆری پەروەردەی ئەو کەسانەیە کە سەردانی ئەو مزگەوتە ئەکەن، بەڵام وتارخوێنەکان بێ ئاگان لەو جیاوازیانە. کۆمەڵێك هۆکار رۆڵ لە ئاستی جیاوازی ئەو کەسانەدا ئەبینن. بۆیە، مەرج نیە هەموو جارێك وتاری ئەو وتارخوێنانە سوودبەخش بن، تەنانەت بۆ بڕوادارەکانیش٢٣.

لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە ئەکەینەوە کە شێوازی ئەو وتارخوێنانە لە ناوەرۆکدا ئاسایی ئەبینرێن، بەڵام ئەنجامەکانی نەبینیا و زیانبەخشن بۆ هەندێك لە باوەڕدارەکان. بەو مانایەی لە رواڵەتدا وتارخوێنەکان بەهیچ جۆرێك باسیان

٢٣ لە ڕووداوێکی راستەقینەدا، دوای ئەوەی وتارخوێنێك لەسەر خۆداپۆشینی ژنان وتارێك ئەدات و کەسوکارە پیاوەکانییان بە بێ ئەخلاق لەقەڵەم ئەدات، پیاوێکی بڕوادار ئەگەڕێتەوە ماڵ و ژن و کچەکەی دارکاری ئەکات و هەڕەشەی تەڵاقدان لە ژنەکەی ئەکات ئەگەر چیدی بەقژی رووتەوە بچێتە دەرەوە.

لە توندتیژیی نەکردووە و بانگی کردنی زەبروزەنگیشییان نەکردووە، بەڵام، بەشێك لەو ئەنجامانەی کە لەو وتارانەدا بەرهەم دێن، پێچەوانەی ئامانجەکەیان ئەبن و زەبروزەنگ بەرهەم دێنن. لەئاکامیشدا بەقازانجی ئیسلامی سیاسیی ئەشکێتەوە.

بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی ئەوەی داخۆ ئەوانەی سەر بە یەکێك لە حیزبە ئیسلامییەکانن، چەندیان پێشتر هاتوچۆی مزگەوتییان کردووە، یان بەجۆرێك لە جۆرەکان لەژێر کاریگەری یەکێك یا زیاتر لە وتاربێژێکدا بوون. ئەو پرسیارە ئاڕاستەی حەفتا کەس کراوە، چ بە تەلەفۆن، یا بە ئیمێڵ لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندییان پێوە کراوە، لەوانە پەنجا و یەك کەس وەڵامی داوەتەوە، لەسەر ئاستی جیاوازەوە، کە هەموویان سەر بە هزری ئیسلامیین، چ ئەندام بن یا ئەندام بوون لە یەکێك لە حیزبە ئیسلامییەکان، واتە وازیان هێناوە، هەشیانە هەر ئەندام نەبووە. لەو پەنجا و یەک کەسە؛ (٤٧) کەس وتویانە پێشتر هاتوچۆی مزگەوتییان کردووە و لەژێر کاریگەری یەکێك لەوتاربێژەکاندا بوون. لەو ژمارەیەش، تەنها ١٢ کەس وتویانە کە وتاربێژەکەیان ئیسلامیی بووە، ئەوانی تر هیچییان پەیوەندی بە حیزبە ئیسلامییەکانەوە نەبووە.

خشتەی (١) هاتووچۆکەرانی مزگەوت

| وەڵامەکان | ئەوانەی هاتوچۆی مزگەوتیان کردووە | ئەوانەی کە هاتووچۆی مزگەوتییان نەکردووە |
| --- | --- | --- |
| ٥١ | ٤٧ | ٤ |

خشتەی (٢) پابەندێتیی وتاربێژەکان

| وتاربێژەکانی بواری ئیسلامی ئایین | وتاربێژی ئیسلامی سیاسیی |
| --- | --- |
| ٣٥ | ١٢ |

ئەم ئەنجامە، ئەوە دەرئەخات کە ڕێژەیەکی زۆری وتاری وتارخوێنەکان بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بێت، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، لەخزمەتی گرووپە ئیسلامییەکاندا ئەشکێنەوە.

## شرۆڤەی وتارەکان

لەچوارچێوەی ڕەهەندەکانەوە شرۆڤەی وتارەکان کراوە، دابەشی سەر پێنج ڕەهەندی جیاواز کراون و لە هەمان چوارچێوەشدا شرۆڤەکراون، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک وتار زیاتر لە ڕەهەندێکیان هەیە.

## یەکەم: ئاستی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی و ئاکاری مرۆڤەکان

لەچوارچێوەی ئەو ڕەهەندەدا، وتاری ژمارە (١٠)، لەڕووی شێواز و ناوەرۆکەوە، جێگای لەسەر وەستانە. ئەم وتارە هی کەسێکی ئاسایی نیە، چونکە بە بڕوانامەش ئاستی تایبەتمەندیی ئەو وتاربێژە زۆر بەرزترە لە وتابێژەکانی تر. یەکێکیش لەو تێبینیانەی کە ئەو وتاربێژە تێی ئەکەوێت؛ گشتگیرییە لە حوکومدان. ئەو لە ژمارە (١٠)دا ئەڵێ: گرتە ڤیدیۆیەکم بینی، گریاُمی، پێشتان ئەڵێم هەرکەسێك ئەو جۆرە گرتە ڤیدیۆیانە ببینێت و نەگریی، هەر کەسێك بیانبینێ و خەفەتی بۆ نەخوا موسوڵمانی تەواو نیە، بەخوا مرۆڤیش نیە.

هەڵبەت، مەبەستی ئەو گرتە ڤیدیۆیەیە کە تایبەت بوو بە کۆمەڵە ژنێکی لەشفرۆش و دوایی لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەوە و مقۆمقۆیەکی زۆریشی بەدوای خۆیدا هێنا، وتارخوێنەکە، سەبارەت بەو کەسەی کە گرتەکەی بڵاوکردۆتەوە ئەڵێ:

«...ئەو کەسە موجریمە کاتێ کە ئەم وێنانە ئەگرێ و بڵاویان ئەکاتەوە؟....»

ئەمە بەشێکە لە وتارێکی درێژی یەکێك لەو وتارخوێنانەی کە لە رواڵەتدا بە هیچ جۆرێك بە ئاراستەی زەبروزەنگ و توندئاژۆیی قسە ناکات، بەڵام کاتێك دێینە سەر ناوەرۆکی وتارەکان و بە وردیی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، ئەنجامەکەی پێچەوانە ئەبینین. ئەو، ئەو کەسەی کە گرتە ڤیدیۆکەی بڵاوکردۆتەوە، نەك هەر بە نیوە موسوڵمانی نازانێت، بەڵکو بەمرۆڤیشی نازانێت. قورسایی ئەم حوکمەش جۆرێکە لە بەکارهێنانی زەبروزەنگی سیمبۆڵیک، بەڵکو رێخۆشکردنیشە بۆ کەسانێکی هەرزەکار بۆ ئەوەی زیان بەو کەسە بگەیەنن. پاشان لەدرێژەی وتارەکەیدا، وشەی (موجریم)ی بۆ بەکار دێنێت. حوکمی ئیجرام بەسەر کەسێکدا، بەبێ ئەوەی لەهەڵومەرجەکانی مۆتیڤ و هۆکارەکانی ئەو کەسە ئاگادار بێت بۆ بڵاوکردنەوە، تۆمەتبارکردنێکی بێ بنەما و بێ ئاگابوونە لە سزای ئەو جۆرە کارانەش، ئەگەر هیچ سزایەکیشی هەبێت.

هەر لەدرێژەی وتارەکەدا، کە بەرگری لەگوناهباران ئەکات، ئەڵێ:

«..موسوڵمانی حەقیقیی فرمێسک ئەرێژێ بۆ ئەو مورتەددانەی کە قورئانییان سوتاند.... ئەو کەسانەی بە قەڵەمە بۆگەنەکانییان، جنێو بەخوداو پێغەمبەر ئەدەن، خودایە هیدایەتی بدە ئەگەر هیدایەت قبول ئەکەن».

ئەم زمانە، ئەوە چش کە ناتوانین بڵێین (پەروەردەیی) یە، لەخودی خۆیدا، لەرووی سیمبۆڵیکەوە مەترسییدارە. بەو مانایەی گوێ بە مەترسی ناوزەدکردنی خەڵکێك نادات کە بە هەڵگەڕاوە «مورتەد» ناوزەدییان ئەکات و بەهۆکاری قورئان سوتاندنیش نەبێت بە هۆکاری تر چەمکی مورتەد لەگوێچکەی باوەڕدارەکاندا ئەلەرێتەوە. ئەو زمانە لە سادەترین دۆخدا کوشتنێکی سیمبۆڵیکە. ئەوانەش کە لەماوەی ئەو هەشت ساڵەی دواییدا، قورئانییان سوتاندووە، لەچەند حاڵەتێکی پەراوێزخراو دەرناچن و هەرگیز نەبووە بە دیاردە[24]. یاخود ئەو قەڵەمانەی کە رەنگە جنێویش نەدەن بەڵام هەر رەخنە ئەگرن و لە تێڕوانینی ئەواندا رەخنەش هەر جنێودانە، بە بۆگەن ناوزەدییان ئەکات. ئەو جۆرە وتارە لەلایەک یەکانگییرە لەگەڵ زمانی گرووپە توندڕەوە جیهادییەکان و لەلایەکی ترش، ئەکرێت هاندان و بەهێزکردنی ئەو حەشاماتە بێت کە لە تۆڕە لە کۆمەڵایەتییەکاندا سووکایەتیی بە خەڵک ئەکەن. ئەم شێوازە لەوتارخوێندنەوە، لەخودی خۆیدا خۆشکردنی ئاڵۆزییە نەك کۆتایی پێهێنانی، ئەوە چش لەوەی کە بێبەهاکردن و لە مرۆڤدا ماڵینی بە ئامانجگیراوەکانە. ئەم تیژکردنەوەیە، ناتوانێت ببێت بە هۆی دروستکردنی ئارامیی لە دەروونی گوێگرانیدا و پەروەردەیان بکات. ئەوە چش لەوەی کە خەڵکی ناو ئەو مزگەوتانە یەك ئاست و یەك تەمەن و یەك گرووپی کۆمەڵایەتیی نین و لەپاشخانی جیاوازەوە روویان لە مزگەوت کردووە.

کەواتە، وەکو ئەنجامێك، ئەو بە مەبەستی پەروەردەکردن، کۆمەڵێك چەمکی جیاواز فڕێ ئەدات، بەڵام بە هیچ جۆرێك مەرج نییە ئەو چەمکانە هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدەن.

هەر تایبەت بەو کێشەیە و لە پەیوەندیی بە پەروەردە و ئاکاری مرۆڤەکان، وتاربێژی ژمارە (١٤) کە لە جۆری «نەوەی یەکەمە» و لەبابەتێکی رەوشتییانە پەروەردەییدا، چەند ئایەت و فەرموودەیەکی بە هێمنی تەفسیر کردوون و لەماوەی ١٥ خولەکدا، کۆتایی بە وتاری یەکەم هێناوە. قورسترینی قسەکانی ئەوەبوو:

٢٤ زۆر هەوڵم دا ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا قورئانییان سوتاندووە، ڤیدیۆکانییان بدۆزمەوە، یا ژمارەیان بزانم، لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا، لە دوو حاڵەت زیاترم دەست نەکەوت.

«دەم و دامێنتان لە حەرام بپارێزن. لەشوێنی شوبهەدا بەسەرخۆتاندا زاڵ بن و ئەوە بزانن کە هەر جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ ژنێك کە لەجادە، لەدوکان یا لەتاکسی ئەیبینیت، کێشەیەك یا ئابڕووچونێکی بەدواوەیە».

هەر لە هەمان چوارچێوەی «ئاستی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی و ئاکاری مرۆڤەکان» دا، بەیەکەوە لکاندنی رووداوەکانی رۆژ و شرۆڤەکردنییان، کارێکی گرنگە، بەڵام بەستنەوەی هەموو کێشەکە بە لایەنی رەوشتانە ەوە، لایەنی رەوشتانە ش بە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاوەوە، بۆی هەیە بەشێك بێت لە هەژاری هزریی ئەو وتارخوێنانە، سەرەڕای ئەوەی بەپێی ئەو وتاربێژە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی جیددی ئەخولقێنێت، چونکە گومان لەسەر هەموو تێکەڵبوونێك دائەنێت. ئەو وتاربێژە کە ژمارەکەی (١٦)ـەیە، چیرۆکێك ئەگێڕێتەوە، بەهەموو وردەکارییەکانییەوە ، بەو جۆرەی خوارەوە، باسی چیرۆکەکە ئەکات کە تایبەت بە پەیوەندیی نێوان پیاوێك و ژنێکەوە، کە تیایدا هاتووە:

«کوڕێك برادەرم بووە، جیرانمان بووە، تەماعی لە ژنەکەی من کردووە، ئێستا ئەڵێ (١٠) دە دەفتەرت ئەدەمێ ئەبێ لۆم تەڵاق بدەیت. چییە ژنەکە تۆزەك بەرچاوە، یەعنی ناحیەی جوانیی و جەمالی هەیە، وتم بەڵێ؛ گوتی ئێستا بۆتە شەڕی دوو بنەماڵە، ئیشمان لە مەحکەمە و مەحکەمەکارییە٢٥. کابرا ئەڵێ ئیللاه ئەتکوژم، ئەبێ ژنەکەم بۆ تەڵاقدەی، ژنیشی هەیە، وتم وایە خوشکە وتی؛ بەڵێ. وتم چ رۆژێك بە مۆبایل و قسەی خۆش و حەیاتم قسەت لەگەل ئەو پیاوە کردووە، گوتی؛ نەخێر. وتم؛ چ رۆژ ئەو کوڕە میوانی توو بووە وتی بەڵێ. ئەو کوڕە برادەری مێردەکەمە. ئەو کوڕە هەزار جار لەماڵێ لەسەر یەك سفرە نانمان خواردووە. وتم؛ یەعنی جەنابت ژنی ئەو کوڕەی هاتییە سەر سفرەی نانت خواردووە؟ وتی؛ بەڵێ، سوعبەتیشمان کردووە. گتم؛ خوا و پێغەمبەر بە تو ئەڵێ ئەگەر ئەتو چوویە ماڵەکی ژنی کابرای بێت نانت لەگەڵ بخوات؟ خەلکینە ئێمە لە قورئان و قسەی پێغەمبەر لامان داوە یان نا؟ کوڕم بە قسەی پێغەمبەر ناکەی بۆیە بووی بە فلیم. پێویستە حکومەت سنوورێك بۆ ئەم وەزعە دابنێ. کابرا بە عەنتەری بێت بڵێ ئیللاه ئەبی ژنەکەتم بۆ تەڵاق بەی. باشە بێ رەوشتانە بەو نەوعە؟ باشە نەمانی رەوشت؟ کابرا چووە نانی قوزوڵقورت بکات، ئەیەوێت کابانێ ببینێت. نوێژێش ئەکات، هەی خودا هیدایەتت دا، ئەگەرنا وا رووت رەش کات. ئەمن کابانی ببینم، خوشکی کابرایی ببینی وە نیە؟ تەماعیت بچیتێ، ساحیب ژنیشی، بچیت دوایە. تەماشای ئەم بێ رەوشتانە ە بکە. وەڵاهی شتی وامان بۆ ئەگەڕێتەوە کە لە قاموسا نەقەوماوە.

لێرەدا، ئەوەی کە ئەخرێتە ژێر پرسیار، میواندارییە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، جۆرێك لە تەمومژاوی خودی ئەو چیرۆکەیە کە ئەیگێڕێتەوە. لەلایەك باس لە پەیوەندی پیاوێك و ژنی دراوسێکەی ئەکات، لەلایەکی تر باس لە خوشکی دراوسێکەی ئەکات، بەو مانایەی وتاربێژەکە توانای تەرکیزکردنی نیە و پێ ئەچێت خودی چیرۆکەکە تەنها بۆ وروژاندنی باوەڕداران بێت و هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەی نەبێت. لەسەرەوەی هەموو ئەوەش، وەها حاڵەتێك لە کۆمەڵگە، کۆمەڵێك هۆکاری خودیی و بابەتیی لەپشتەوە هەن، بەڵام وتارخوێن توانای شرۆڤەکردنی وەها رووداوێکی نیە، ئەگەر راستیش بێت. بۆیە، بەئاسانی ئەیگەڕێنێتەوە بۆ نەمانی رەوشت و بەچەند وشەیەکی ناشیرنەوە، کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنێت و لەکۆڵ خۆی ئەکاتەوە.

لەو وتارەدا، ژن تۆمەتبارە، چونکە هاتووە وەکو مرۆڤ لەسەر سفرە لەگەڵ مێردەکەی نان بخوات. لەدیدی ئەو وتارخوێنەدا ژن، وەکو پلە دوو ئەبێ رێگای پێ نەدرێت بێتە سەر سفرە و دابنیشێت. بۆیە کێشەکە لە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو دایە نەك لەوەی میوانە و ژنەش هاتووە لەسەر سفرە دائەنیشێت. سیستمی کۆمەڵایەتیی لە کوردستان و زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان، سەبارەت بە پێگەی ژن، کێشەدارە. بە گشتیی «سیستمی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵێك ئەکتەری تاك پێك دێت، تاکەکان لەنێوان خۆیاندا کاریگەری لەسەر یەکتریی دائەنێن، لەدۆخێکدا بەلانی

٢٥ لەدادگادا بەدواداچوونم بۆ کرد، بەڵام گوتیان هیچ دۆسیەیەکی بەو ناو و وەسفەمان لەبەردەستدا نیە.

کەمـەوە دیوێکـی فیزیکیـی و ژینگەییشـی هـەن. ئەکتـەرەکان، ئەوانـەی کـە مۆتیڤـی باشـکردنی خواسـتەکانییان هەیـە و پەیوەندیـی بـە دۆخەکەیانـەوە هەیـە، بـە پەیوەنـدی ئاڵوگۆڕیشـەوە، پێناسـەکراوە و نێوەندگیریـی کـراوە بـەوەی کـە پەیوەندیی بـە سـتراکتۆری سیسـتمی کولتـوور و سـیمبۆڵە هاوبەشـەکانەوە هەیـە»٢٦. لـە کۆمەڵگـەی ئیسـلامییدا، رۆڵـی ژن هێنـدەی پاشـکۆیە، هێنـدە رێـەر نیـە. لـەو رووەشـەوە، ئـەم پەیوەندییـەی کـە سیسـتمی کۆمەڵایەتیـی لەسـەر بیناکـراوە، پەیوەنـدی بـە سیسـتمی پـەروەردە و سیسـتمی ئابووریـی و بـە ئازادییەکانـەوە هەیـە، ئینجـا بـە سـتراکتۆری ئـەو سیسـتمە دینییـەی کـە لەدونیـای موسـوڵمانانـدا کار ئـەکات. بۆیـە، ئەگـەر بمانەوێـت شرۆڤـەی پێگـەی رۆڵـی ژن بکەیـن، ئەبـێ لـە هەمـوو رەهەندەکانـەوە بێـت، تەنانـەت لـە پێگـە ئایینییەکەیـەوە؛ کـە مافـی رێبەرێتـی پـێ ڕەوا نەبیـنراوە، چ لەسـەر ئاسـتی دەوڵـەت و چ لەسـەر ئاسـتی ئیمامەتـی نوێژکـردن، لەهەندێـک روانگـەی ئایینیـدا، تەنانـەت پێگـەی دادوەرییـش٢٧.

ئـەم دۆخـەی کـە وتـاری ئایینـی پێیـدا تێپـەڕ ئەبـێ، لەئاسـاییترین دۆخیـدا ئەتوانییـن نـاوی بنێیـن «قەیراناوییـی» بەهـۆی هـەژاری هزریـی ئـەو وتارخوێنانـە لـەڕووی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانەوە. بە درووسـتیی خوێندنـەوەی کێشـە کۆمەڵایەتییەکان، بـۆی هەیـە ببێـت بـە هـۆی ئارامبوونـەوەی کۆمەڵگـە، بـەڵام بەسـتنەوەی ئـەو دیاردانـە بـە بـێ رەوشـتانە و دارمانـی کۆمەڵگـە، بـۆی هەیـە نائارامـی زیاتـر بـکات. لێرەوەیـە هەسـتکردن بـە نائارامیـی و نەمانـی بەهـاکان و درووسـتبوونی فـەوزا، سـەرئەگرێت بـۆ «ئانۆمیـی»٢٨. ئانۆمیـی بـەو مانایـەی کـە کۆمەڵناسـیی گـەورە ئیمێـل دۆرکهایـم داهێنەرییەتـی، پێـی وایـە؛ «کاتێـك تاکـەکان هەسـت بـە ناسـەقامگیریی ئەکـەن لەئاکامـی دارمانـی پێـوەرەکان و بەهـاکان، یاخـود لەئاکامـی پاشەکشـەکردنی نموونـە باڵاکانـەوە، درووسـت ئەبـێ». ئـەوەش ئەبێـت بـە هـۆی درووسـتبوونی دڵەڕاوکێـی رەوشـتانە و لەئاکامیشـدا سـەرئەگرێت بـۆ درووسـتبوونی ئانۆمیـی، کـە لەلایـەن خۆیـەوە ئەبێـت بـە هۆکارێـک بـۆ «زیادبوونـی رێـژەی خۆکوشـتن و کردنـی تـاوان»٢٩ لـە کۆمەڵگـەدا.

## دووەم: خواپەرستیی و ئاکار و پەروەردەکردن

بـە گشـتیی وتـاری ئایینـی لـە پەیوەنـدی بـە خواپەرسـتیی و ئـاکار و پەروەرکردنـەوە، لەسـەر بنەمـای هانـدان و ترسـاندن (Encouragement and intimidation) بونیادنـراوە ، کـە بریتییـە لـە هانـدان و هەوڵـدان بـۆ بەدەسـتهێنانی بەهەشـت لەلایـەک، لەلایەکـی تـرش ترسـان لـە خـودا و ترسـاندن بـە سـزای قەبـر و سـوتان بـە ئاگـری دۆزەخ٣٠. ئـەم بنەمایـە بـۆ خواپەرسـتیی و پێڕەوکردنـی بنەمـا رەوشـتانە ەکان لەبـەردەم ئاڵەنـگاری گەورەدایـە، هۆکارەکـەش ئەوەیـە کەسـی بـاوەڕدار فێـری بازرگانـی ئەکرێـت، فێـر ئەکرێـت چاکـە بـکات بەپێـی بنەماکانـی ئاییـن، پاداشـتی ئەبـێ، بـەڵام ئەگـەر خـراپ بجوڵێتـەوە رووبـەڕووی سـزای قـورس ئەبێـت بـەوە. ئەکرێـت ئـەم لۆجیکـە لەبـەردەم ئاڵەنـگاری گـەورەدا بێـت، چونکـە رەوشـت یەکێکـە لـەو بنەمایانـەی کـە مـرۆڤ پاداشـتی ببێـت یـان نـا، ئەبـێ پابەنـدی بێـت. مرۆڤێـک ئەگـەر برسـیی بـوو، پێویسـتی بـە هاوکاریـی بـوو، ئەبـێ هاوکاریی بکرێـت، پاداشـت هەبێـت یـان نـا، پرسـی خوداپەرسـتیش هەروایـە، ئەگـەر

26 Parsons, T. (2016, June 18). Social System: Meaning and Functions (With Diagram). Retrieved December 24, 2018, from http://bit.ly/2BE5A3P

27 IslamWeb.Net, 2001. "'iisnad alqada' walwilayat aleamat lilmar'at la yajuz", It is not permissible to assign the judiciary and general authority to women. [online] Available at: https://shorturl.at/273Nz [Accessed 6 August 2024].

28 Britannica, T. E. (2017, November 20). Anomie. Retrieved December 24, 2018, from https://www.britannica.com/topic/anomie

29 Wickert, C., 2023. Concept of anomie by David Émile Durkheim. SozTheo. [online] Available at: https://shorturl.at/Sw7Kj [Accessed 6 August 2024].

30 Sharif, H.M., 2016. "altarghib waltarhib fi aldaewa", Encouragement and intimidation in the call. Aluka.Web. [online] Available at: https://shorturl.at/9YVkK [Accessed 6 August 2024].

مرۆڤـی بـاوەڕدار، بـاوەڕی وابێـت کـە خودایـەک هەیـە شـایەنی پەرسـتنە، نابێـت چاوەڕوانـی پاداشـت بـکات بـۆ ئـەو پەرسـتنە.

هەر لە پەیوەندیی بەو بوارەوە، وتارخوێنی ژمارە ١٥، لەباسی نوێژکردندا ئەڵێ:

«لـە دە سـاڵیی دا، لێـی بـدە چـاوی دەربێنـە. ئەگـەر هـەر رازیـی نەبـوو، لوقمـە نانـی دایـك و باوكـی لـێ حـەرام ئەبـێ و وەدەریـێ نێـن بـا سـەگ بیخـوات».

ئـەو شـێوازە لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ منـاڵ، هیـچ پەیوەندیـی بـە پەروەردەیەکـی درووسـتەوە نیـە. ئـەم حوکمـە قورسـە، کـە پێچەوانـەی تـەواوی بنەماکانـی مافـی منـداڵ و مافەکانـی مـرۆڤ و بەهـا و نۆڕمـە مۆدێرنەکانـە٣١، جۆرێکـە لـە هانـدان بـۆ توندتیژیـی لـەدژی منـاڵ و لەهـەر وڵاتێکـی پێشـکەوتوو ئـەو جـۆرە هاندانـە ببێـت، رووبـەڕووی دادگا و سـزا ئەبێـت بـەوە. لـەو بارەیەشـەوە، بەڕێوەبـەری «سـەنتەری توێژینـەوەی خێـزان لـە زانکـۆی هامشـیر» پرۆفیسـۆر مـورای شـتراوس ئەڵـێ: ئـەوان دوای بەجێهێنانـی (١٠٠) توێژینـەوە گەشـتنە چەنـد ئەنجامێـك، لەوانـەش: تەنانـەت لێدانـی شـەقێك لـە منـداڵ، توشـی ئێـش و ئـازاری ئـەکات و لەکاتـی گەورەبوونیـدا یەکێکـە لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی توشـبوون بـە ئاڵـۆزی ئەقڵیـی، دەروونیـی، سێکسـیی، توندتیژیـی خێـزان و درووسـتبوونی کێشـە لـە پەیوەندییەکانـدا»٣٢. ئـا لێرەدایـە، بـە بـەراورد لەگـەڵ وتـاری نـەوەی یەکەمـی وتاربێـژەکان، کاریگەریـی ئایدیۆلۆژیـای سیاسـیی، بـە ئاشـکرا بەسـەر ئـەو دوو وتاربێـژەوە دیـارە و بـەو ئامانجەشـەوە، ئەکرێـت شرۆڤـەی وتارەکانییـان بکرێـت، کـە سرووشـتێکی گـرژ و زبرییـان هەیـە و کـەم وایـە لـە وتـاری نـەوەی یەکەمـی وتاربێژەکانـدا بیدۆزینـەوە. لـە کۆتاییشـدا ئـەو وتـارە ئاڵـۆزە ئەکرێـت لـە خزمەتـی توندئاژۆیـی و گرووپـە تەنـدەکان بشـکێتەوە.

زەبروزەنـگ، زۆر جـۆری هـەن. تـا نەکەوینـە نـاو وردەکاریـی ئـەو وتارانـەوە هەسـت بـە مەترسـیی و زبریـی ئـەو زمانـە ناکەیـن. لـە وتـاری ژمـارە (١١) دا هـەر لەچوارچێـوەی «ئاسـتی خواپەرسـتیی و ئاکار»ـەوە لـە بـەردەم دەیـان منـاڵ، لەنێـوان دە سـاڵی تـا هـەژدە سـاڵیی، وتارخوێنیـش بـاس لـە سـەربڕین ئـەکات بـە میکانیزمـی نـەوەی دووەم. لەیـەك وتـاردا، کـە تایبەتـە بـە قوربانییکـردن، دەیـان جـار وشـەی سـەربڕین، خوێنڕشـتن، دڵۆپـە خوێـن و کوشـتن دووبـارە ئەبینرێنـەوە، وەکـو ئـەوەی لـەو کورتـە دێرانـەدا ئەڵـێ:

«تـۆ ئاژەڵێـك، حەیوانێـك سـەرببڕی بـۆ ئـەوەی رب العـزة لێـت رازی بێـت. ئـەو مەرجانـەی لـەو ئـاژە لانـەی ئەکرێتـە قوربانیـی و سـەرئەبررێت چییـن لـە روانگـەی شـەرعەوە؟...قوربانییکردن و خوێنڕێشـتن، هەرکەسـێ گرنگـی پـێ بـدات... ئـەو قوربانییەکـە کـە تـۆ حەیـوان و ئاژەڵێـك سـەرئەبری لـە پێنـاو رەزامەندیـی خـوا... خوێـن بڕێـژە، ئاژەڵێـك لـەو ئاژەڵانـە بکـوژەوە بۆخوا..ئـەو کەسـانەی ماددەیەکـی وایـان نیـە خوێـن بۆخـوای گـەورە بڕێژن..هـەر موسـوڵمانێك توانـای هەیـە و قوربانـی بـکات و خوێـن بڕێـژێ، ئەگـەر نەیـکا، بـا نزیـك نەبێتـەوە لـە ئێمە.....هیـچ کارێـك نیـە گەورەتـر بێـت لـەوەی کـە خوێـن لەبـۆ خـودای گـەورە بڕژێت....ئـەو حەیوانـەی ئەیکوژیـەوە، هێشـتا دڵۆپێـك لـە خوێنـی ئـەو حەیوانـە نەکەوتۆتـە سـەر پشـتی زەوی لـەلای رب العالمیـن وەرگیـراوە و قبـووڵ بووە...بـە یەکـەم قەتـرە خوێـن، یەکـەم دڵۆپـە خوێـن کـە بـەر ئەبێـت بـەوە سـەر زەویـی خـودا لـە هەمـوو گوناهەکانـت خـۆش ئەبـێ».

لـەڕووی سـایکۆلۆجییەوە، قسـەکردن لـەو هەمـوو خوێنبەربوونـە کۆمەڵێـک پرسـیار ئەوروژێنێـت. خەڵـك هـەوڵ ئـەدەن

31 Durrant, J.E., Stewart-Tufescu, A. and Afifi, T.O., 2020. Recognizing the child's right to protection from physical violence: An update on progress and a call to action. Child abuse & neglect, 110, p.104297.
32 Mutualli, A., 2010. darb al'atfal mamnue fi alsunna alnabawia, (ضرب الاطفال ممنوع في السنة النبوية). Retrieved from http://bit.ly/2kpCoJk

منداڵەکانییان تەماشای فیلمێکی توندوتیژ نەکەن، بەڵام هەندێکییان بە دەستی خۆیان منداڵەکەیان ئەبەنە بەردەستی وتارخوێنێك و بە زیندوویی و نەك بە فیلم، باس لەخوێنڕشتن ئەکات. بۆیە، هەرچەندە ئەو مامۆستایە لە پانتایی (نەوەی یەکەم) بە مەبەستێکی ئاینیی و خواپەرستیی بە میکانیزمی (نەوەی دووەم) باس لەو بابەتە ئەکات، بەڵام لەڕووی سایکۆلۆجییەوە، رووبەڕووی ئەنجامی زۆر نێگەتیڤ ئەبینەوە. لەو جۆرە حاڵەتانە، وتاربێژەکان ئەتوانن هەفتەی پێشووتر بە خەڵکی مزگەوت بڵێن، تکایە هەفتەی داهاتوو باس لە قوربانی ئەکەین و منداڵەکانتان لەو هەفتەیەدا مەهێنن بۆ مزگەوت، یان ئەوەتا لەچوارچێوەیەکی زۆر نەرمدا ئەبێ ئەو تەقسە ئایینییە بوروژێنرێت.

هەر لەوپانتاییەدا، وتارخوێنی ژمارە (٨)یش، جەخت لەسەر قوربانیی ئەکاتەوە و ئەڵێ:

«ئیبراهیم، شمشێرەکەی دانایە سەر گەردەنی کوڕە تاقانەکەی ئیسماعیل (بەهاوار کردنەوە)، وردە وردە لێی ئەخشاند و ئەیویست سەری ببڕێت، دڵیشی لەقورگیدا تاقەتپروکێن بوو بوو، تا خوا لە هاواری هات و پێی گوت، سەری مەبڕە، ها ئەوە ئەو بەرانە بگرە و مادام ئەتو هەندە دڵسۆز بوویت بۆ خوا، سەری ئەو بەرانە ببڕە و بیکە بە قوربانیی. دەی خۆ ئەگەر بیوتبا خۆت لەجیاتی کوڕەکەت بکە بەقوربانی ئاسایی تر بوو».

کاریگەری ئەو وتارە لەسەر سایکۆلۆجیای ئەو منالانەی کە لەو مزگەوتەدا دانیشتوون، راستەوخۆ دەرناکەوێت، بەڵام هەر هیچ نەبێت، شمشێر و خوێن و سەربڕین نەك هەر لای مناڵەکان بەڵکو لای گەورەکانیش نۆرمالیزە ئەبێ و هەستەوەرەکانی دژ بە توندتیژیی بە تێپەڕبوونی کات ئەمرن و سیستمی بەرگریی ئەو منداڵە بە هۆی زەبری دەروونییەوە، بەخێرایی ئەدڕێت. ئەمەش مانای وایە «تێکچوونی ئەندامەکان و دواتر لەکارکەوتنی ئەندامەکان، لە ئەنجامی تێکچوونی سیستمی بەرگریی لەشدایە»٣٣.

ئەوکاتەش کە سیستمی بەرگریی مرۆڤەکان لەکارکەوت و دڕا، نابێت بە سەیر بزانرێت کە خەڵك بە گشتیی بە شێوەیەکی توندوتیژ رەفتار لەگەڵ یەکتریی و لەگەڵ مناڵەکاندا ئەکەن. ئەم مۆدێلە بە داماڵین لە هەستیاریی بەرامبەر توندتیژیی ناسراوە، لە حاڵەتی بەرکەوتن بە توندتیژیی، ئەکرێت ببێت بە هۆی زیادبوونی شەڕانگێزیی و نەمانی هەستیاریی بەرامبەر توندتیژیی. بەو مانایەی «شەڕ لە کۆمەڵگەدا رەنگە ببێت بە هۆی نەمانی هەستیاریی بەرامبەر بە هەموو جۆرەکانی توندتیژیی، کە لەهەمان چوارچێوەدا بەرهەم دێت لە جۆری (هەڕەشە و تەقەکردن)، هەروەها ئەو توندتیژییەی کە لە شوێنەکانی تردا رووبەڕوویی بوونەتەوە، بۆ نموونە ماڵ و قوتابخانە»٣٤. ئەمەش مانای وایە بەتێپەڕبوونی کات، ئەو مناڵە چیتر هەستیار نابێت بەرامبەر کردە و گفتە توندوتیژەکان، چونکە هەموو ئەو کردە فیزکیی و سیمبۆلیکانە ئاسایی و نۆرمالیزە ئەبن.

## سێیەم: ئاستی سیاسیی و رەخنەی سیاسیی

لە چوارچێوەی تێکەڵکردنی دوو ئاستی جیاواز کە «ئاستی سیاسیی و رەخنەی سیاسیی»یە لەگەڵ «ئاستی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی و ئاکاری مرۆڤەکان»، بەشێوازێك کە زیدەڕۆیی تیا ئەبێت بە هەوێنی وتارەکە؛ یەکێکە لەو شێوازانەی کە تەواوی ئەو وتاربێژانەی چاودێریی کراون، پەنایان بۆ بردووە، بە مەبەستی ترساندنی خەڵك و گەڕاندنەوەیان بۆ دینداریی و بۆ رەوشتییانە ئایینیی. لێرەدا، وتاربێژی ژمارە (١٣)، کە وتاربێژێکی بەناوبانگی ئەو هەرێمەیە و لەوانەیە

33 Hietbrink, F., Koenderman, L., Rijkers, G.T. and Leenen, L.P., 2006. Trauma: the role of the innate immune system. World Journal of Emergency Surgery, 1, P.2.
34 Mrug, S., Madan, A. and Windle, M., 2016. Emotional desensitization to violence contributes to adolescents' violent behavior. Journal of abnormal child psychology, 44, P.3.

بەیەکێك لە حەکیمەکانی دابنرێت، لەپانتایی (نەوەی دووەم) و بە میکانیزمی هەمان (نەوەی دووەم)، کە پێشینەیەکی ئیسلامییانەی هەیە، بە هەموو هێزی خۆی هاوار ئەکات، «رەوشتمان لەدەست چووە». ئیتر هێندە زیادەڕەویی لەو لەدەستچوونە ئەکات، تا ئەگاتە بەراوردکردنی بە لەدەستچوونی حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. لەو سەرەتایەدا نازانین هۆکاری لەدەستچوونی ئەو رەوشتە چییە. یاخود خودی رەوشت لای ئەو وتارخوێنە چی ئەگەیەنێت؟

ئەوەتا بە هاتوهاوارەوە ئەم وتارخوێنە ئەڵێ:

«بەرەو خەتەر ئەڕۆین، بەرەو بێ رەوشتییانە ئەڕۆین، وەڵاهی خەتەرەکمان لە پێشە.. دوژمنێك وا ۆمان دێت. خەتەرێك لە خەتەری لەدەستچوونی کەرکووك کەمتر نیە، لە خەتەری لەدەستچوونی فیدراڵیەت کەمتر نیە، لە خەتەری لەدەستچوونی ئازادیی و سەربەستیی و سەربەخۆیی کەمتر نیە. ئەو خەتەرە لە خەتەری لەدەستچوونی حوکومەت و پەرلەمان کەمتر نیە. ئەویش خەتەری لەدەستچوونی رەوشتمانە».

پاشان، دوای زیاتر لە بیست دەقە گوێگرتن لە مەترسییەکانی لەدەستدانی رەوشت، ئەو وتاربێژە دێتە سەر ئەسڵی مەبەستەکە و ئەڵێ:

«گەنجێکی شوفێری تاکسیی هاتۆتە لام و وتویەتی رۆژ نیە ژنێك یاخەم نەگرێت، مامۆستا چیی بکەم».

هەرچەندە، قسەکەی شوفێری تاکسیش بۆی هەیە زێدەڕۆیی زۆری تێدا بێت، چونکە وتوویەتی رۆژ نیە ژنێك یەخەم نەگرێت[35]، کە ئەو رێژەیە زۆر زۆرە. بۆیە، دەبوایە بەشێوەیەکی مەیدانیی بەدوای ئەو قسەیەدا بڕۆین داخۆ ئەو مەترسییە گەشتۆتە چ ئاستێك؟ لەو نەخشەی ژمارە (٣) دا، بۆمان دەرئەکەوێت چ جۆرە زێدەڕۆییەك لەو وتارەدا بەدی ئەکرێت، کە لە پەراوێزی ژمارە نۆدا شرۆڤەی بۆ کراوە!

خشتەی (٣) شوفێرانی تاکسیی کە لەماوەی کاری شوفێرییان تووشی ژنی خراپ هاتوون

| گروپ | ژمارەی شوفێر | ژمارەی ساڵەکانی کارکردن | گرووپی تەمەن | ژمارەی ژنەکان | تێبینیی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | - | - | - | - | - |
| ٢ | ٥ | ١-٥ | ٣٠-٤٥ | هیچ ژنێك | - |
| ٣ | ٧ | ١-٧ | ٢٥-٤٠ | ٢-٥ | نیوەیان کورد نەبوون |
| ٤ | ١ | ١٥ | ٥٠+ | ١ | یەکێك کوردیی زانیوە |
| ٥ | ١ | ٢٠ | ٥٠+ | ٣ | یەکێکیان کورد بووە |

٣٥ بۆ ئەم مەبەستە سەردانی یەکێک لە شوێنەکانی وەستانی شوفێری تاکسییەکانم کرد؛ بۆ ماوەی نیوسەعاتێك ١٥ شوفێری تاکسیم دواندن، قسەم لەگەڵ هەر پازدە شوفێرەکان کرد، داخۆ چەندیان ڕۆژانە تووشی ژنێك یان زیاتر دێن، تەشقەڵەیان پێ بکات. بێجگە **لەیەك** شوفێر، کە ئامادەنەبوو هیچ قسەیەك لەو بابەتە بکات، بەڵام **پێنج** لەو شوفێرانە، کە تەمەنی کارکردنی شوفێرییان ساڵێك تا پێنج ساڵ بوو و تەمەنییان لەنێوان ٣٠ تا ٤٥ ساڵیدا بوو، هیچ ژنێك تەشەقەڵەی پێ نەکردبوون. **حەوتییان**، کە تەمەنی کارکردنییان لەو بوارە لەنێوان ساڵێك تا حەوت ساڵ بوو و تەمەنیان لەنێوان ٢٥ تا ٤٠ ساڵی تێدابوو، لەو پێنج ساڵەی دوایی لە نێوان دوو جار تا پێنج جار تووشی ئەو جۆرە ژنانە هاتوون، کە تەشقەڵەیان پێ کردوون، نیوەی ئەو ژنانە بەپێی داتایەکان، کورد نەبوون، بەڵکو ژنی ئاوارە بوون و بەزمانێکی بێگانە قسەیان کردووە. دووانیش لەو شوفێرانە کە یەکێکییان (١٥) ساڵ و ئەوی دیکەش (٢٠) ساڵ بوو لەو بوارەدا کارییان ئەکرد و تەمەنییان لە سەرەوەی پەنجا ساڵیدا بوو، یەکێکییان لەو دوو ساڵەی دواییدا دوو جار تووشی ژنێکی تەشقەڵەچیی هاتووە، یەکێکییان کوردیی نەزانیوە، ژنەکەی تریش زانیویەتی. شوفێری تریش لەو دوو ساڵەی دواییدا سێ جار تووشی ژنان هاتووە، تەنها یەکێکیان کورد بووە.

ئەم جۆرە وتارە لەچەند ڕوویەکەوە کێشەدارە:

یەکەم: بەستنەوەی ڕەوشت بەناوگەڵی مرۆڤەکانەوە، بریتییە لە هەژاری هزریی و بەدحاڵیبوون لە خودی ڕەوشت. ڕەوشت یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی کە کۆمەڵگەی لەسەر بونیات ئەنرێت و پەیوەندیی بە پەیوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە. هەر پێناسەیەک بۆ ڕەوشت لەسەر بنەمای وەسفیی (description)، پێویستی بە دیاریکردنی ئەو کۆدانەوە هەیە کە کۆمەڵگە ئەیانخاتە ڕوو و وەک ڕەوشت هەژمار ئەبیرێن. چونکە تەنانەت لە کۆمەڵگە بچووکە هاوچەشنەکانیشدا کە زمانی نوسراویان نیە، هەندێک جیاوازی لەنێوان ڕەوشت و ئەتەکێت و یاسادا دیاری ئەکرێت. لە کۆمەڵگە گەورە و ئاڵۆزەکاندا زۆر جار ئەم جیاکارییە بە شێوەیەکی جیددی دەسنیشان ئەکرێت، بەو جۆرە، ڕەوشت وەک ئاماژەیەک وایە بۆ هەموو ئەو کۆدانەی کە لە کۆمەڵگەیەکدا ئەخرێنە ڕوو٣٦.

هەرچەندی ڕەوشتە بەمانا نۆرماتیڤەکەی « normative"، ئاماژەیە بۆ ژمارەیەک مەرج یا کۆدی ڕەفتارکردن، کە لەلایەن هەر کەسێک مەرجی هزریی و ویست یا ئیرادەی تێدا هەبن، بەوەی کە هەمیشە مەرجێکە بۆ عەقڵانیبوون. هەر کەسێک ئەو مەرجانە بەدەست بێنێت، کە بەشێوەیەکی گشتیی بە زارەکی تەعبیری لێ ئەکات، کەسێکە وەکو بریکار (agent)ێکی ڕەوشتییانە قبوڵ کرا بەس نیە بۆ ئەوەی نیشان بدرێت کە مەرجەکە مەرجێکی ڕەوشتانە ٣٧. ئەوەش مانای وایە بەهەردوو پێوەرەکە وتارخوێنێک ناتوانێت لەخۆیەوە مەرجێکی ڕەوشتانە بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت، لەسەر بنەمایەکی نادیار، یا ناڕوون و گوماناوی.

بێجگە لەو بنەمایانەش، پیشاندانی گێچەڵکردنی ژنێك یا چەند ژنێك بە شوفێرێکی تاکسیی، لە شارێکی زیاتر لەیەك ملیۆن کەسییدا، گەورەتر و مەترسیدارتر بێت لە لەدەستچوونی کەرکوك، یا لەخەتەری لەدەستچوونی فیدراڵیەت، ئازادیی و سەربەستیی یا دامەزراوەکانی حکومەت و پەرلەمان، جۆرێکە لە زێدەڕۆیی و ئاڵۆزکردنی سایکۆلۆجیای ئامادەبوونی مزگەوت و جۆرێکە لە بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێی ڕەوشتییانە (Moral Panic).

لەوبارەیەوە کۆمەڵناس و تاوانناسی باشووری ئەفریقا، ستانلی کۆهێن (١٩٤٢-٢٠١٣)، بە داهێنانی دەستەواژەی "دڵەڕاوکێی ڕەوشتییانە" ئەزانرێت. دڵەڕاوکێی ڕەوشتییانە؛ ترسێکی بەربڵاوە لەوەی کەسێک، گروپێک، یا بوونێکی شەیتانی هەڕەشە لە جڤاکێک یا کۆمەڵگەیەک بکات. هەرچەندە ترسەکە ڕەنگە لەسەر بنەمای ڕووداو یا پرسێکی ڕاستەقینە بێت، بەڵام زێدەڕۆیی لە ڕووداوەکە ئەکرێت بۆ ئەوەی وا دەرکەوێت کە جیددیتر یان گشتگیرترە لەوەی کە لە ڕاستیدا هەبووە٣٨. یەکێک لە نموونە مێژوویییەکان، دادگاییکردنی هەندێک لە سیحربازەکان بوو لە وڵاتە یەکگرتووەکان، کە بووە هۆی لە سێدارەدانی ٢٠ کەس لە سەدەی حەڤدەهەمدا، ڕوداوەکە بە دادگای سیحربازەکان سێیلم (Salem witch trials) ناسراوە٣٩. هەموو ئەوەش مانای وایە کە هەندێک لەو وتارخوێنانە، کە زۆرجار لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆجییای ئیسلامی، بە هۆشیارییەوە بێت یا بە ناهۆشیاریی چوونەتە ناو ئەو کایەی کە بە دڵەڕاوکێی ڕەوشتییانە ناسراوە، بەوەی زەندەقی خەلك ببەن لە دیاردەیەکی دیاریکراو، لەپێناو ڕاکێشانی زیاتری خەڵك بۆ دەستەڵاتی سیمبۆڵیکی خۆی یا بۆ حیزبێکی ئایدیۆلۆجی، بەڵام لە بنەڕەتدا تەنها ڕووداوێکی ئاساییە و هیچ کاریگەرییەکی ترسناک لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگە بەجێ ناهێڵێت.

دووەم: ئەو هاوار ئەکات دژ بەوەی کە «بێڕەوشتییانە» بڵاو بۆتەوە، ئەمەش هەر بەشێکە لە هەژاریی تێگەیشتن،

36 Stanford Encyclopaedia of Philosophy, 2020. The Definition of Morality. Available at: https://rb.gy/5qsjq4 [Accessed 3 August 2024].

37 Ibid.

38 Crossman, A., 2019. A sociological understanding of moral panic. ThoughtCo. [online] Available at: https://rb.gy/idbu9y [Accessed 6 August 2024].

39 Blumberg, J., 2022. *A brief history of the Salem witch trials*. Smithsonian Magazine. [online] Available at: <https://rb.gy/bux1y3> [Accessed 6 August 2024].

چونکە هیچ مرۆڤێک بێ ڕەوشت نیە، بەڵکو مرۆڤەکان هەڵگری ڕەوشتییانە باش یا ڕەوشتییانە خراپن، یا هەردووکی بەیەکەوە. هەموو مرۆڤەکان بە تێپەڕبوونی کات جۆرێک لە ڕەوشت لە باوانیان و قوتابخانە و پەرستگە و کۆمەڵگەوە وەرئەگرن، هاوپێچ لەگەڵ ئایین و کولتوور و بەها و نۆرمە باوەکان. چۆن هەموو کەسێک ئایین وەرئەگرێت، ئاوەهاش ڕەوشت و بەها و نۆرمەکان وەرئەگرێت. دوایی ئەکرێت گۆڕانکاری بەسەر ئەو بونیادە بۆماوەییەدا بێت، بەوەی یەکێک لە خەسڵەتە باشەکان بگۆڕێت بۆ خەسڵەتێکی خراپ. ئەمەش پەیوەندیی بە تیۆری بنیاتنانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. بنەمای سەرەکیی ئەو تیۆرییەش ئەوەیە کە زانیاری ئێمە دەربارەی جیهان، بە تێگەیشتنمان بۆ مرۆڤیش، بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤە، نەک لەسەر بنەمای واقیعێکی دەرەکیی و چاودێرییکراو بینا کرابێت[40].

سێیەم: هەروەها بێجگە لەوەی کە هەموو جۆرە خەڵکێك لەو مزگەوتەدا دانیشتوون، سەرەڕای ئەوەی کە جۆرێك لە نائارامیی لەناو هاوڵاتییان درووست ئەکات، لە چوارچێوەی تیۆری «دڵەڕاوکێی ڕەوشتییانە». پرسیاری جیددیش ئەوەیە؛ ئایا بەو جۆرە هاوارکردن و زیادەڕۆییە، خەڵك پابەند ئەکات بەو جۆرە ڕەوشتە؟ لەکاتێکدا خودی ئەو خەڵکە ئەگەر لەو جۆرە کەسانە بن، دێن بۆ مزگەوت و گوێ لەوتاربێژە رائەگرن؟ ئەوە راستە کە ئامانجەکە پابەندکردنی خەڵکە بەو تەرزەی ڕەوشت کە سنووردارە بە پەیوەندیی سۆزداریی نێوان ژن و پیاو، بەڵام بێگومان ئەو شێواز و زیادەڕەوییکردنە، ئەنجامی زۆر پێچەوانەی لێ ئەکەوێتەوە.

هەموو ئەو شێوازەش لە ئاکامدا ئەکرێت بچێتە چوارچێوەی ئیسلامی نەبیینا ، یاخود بە پێچەوانەوە هەندێک لەو وتارخوێنانە بە وشیارییەکی تەواوەوە کار لەسەر درووستکردنی دڵەوڕاوکێی ڕەوشتییانە ئەکەن، بە مەبەستی زەندەقبردنی خەڵک و هەوڵدان بۆ گرتنەدەستی جڵەوی ئەو خەڵکە لەپێناو هەر مەبەستێکی دیار یا شاراوە بێت، لە پێشەوەی هەموو مەبەستەکانیش پاراستنی ئەو دەستەڵاتە ڕۆحییە سیمبۆڵیکەیە کە پیاوانی ئایینیی لەهەردوو کایەدا، کایەی ئیسلامی ئایین و ئیسلامی سیاسیی، هەیانە.

وتاربێژی (ژمارە ١٧)، کە پاشخانێکی ئیسلامیی هەیە، لەچوارچێوەی «ئاستی سیاسیی و ڕەخنەی سیاسیی» دا، وتارەکەی بۆ هەڵبژاردنی ترەمپ تەرخانکردووە، دوای ئەوەی بە ترەمپ ئەڵێ؛ «هەتا شکڵ و شێوەیان مناڵ بیبینێت زیپرە ئەکا»، ئەمە جۆرێکە لە ڕەخنەگرتن لە دەسکردی خودا، ب ەحوکمی ئەوەی باوەڕدارەکان پێیان وایە هەموو مرۆڤەکان بە جوان و ناشیرنییانەوە، خودا درووستی کردوون. لە هاتنی ترەمپ بۆ دەستەڵات، ئەڵێ:

«جا خوابکە ئەو ئیبتیلایە بۆ ئیهانە نەبێت، برێکی زۆری لەم ئیمتیحانانە سووکایەتیی خوایە و تورەبوونی خوایە. خوا تورەیە لەسەر زەویی لەم خەڵکە لار و لەوێرە».

کەواتە خوا سووکایەتیی بە مرۆڤەکان ئەکات، تورەش ئەبێ. ئەمەش بە پێی چەندین ئایەتی جیاوازەوە وێناکردنێکی نادرووستە بۆ خوایەك کە لە دەیان ئایەتدا بە بەسۆز و بەخشندە وەسفی خۆی ئەکات، بەڵام لێرەدا ئەو خوایە ئەبێت بە خوایەکی سیاسیی لایەندار؟

بە گشتیی لەو وتارەدا، ڕەخنە لەهاتنی ترەمپ ئەگرێت، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بە شێوەیەکی ئەقڵانیی دیاردەی هاتنی ترەمپ بۆ دەستەڵات لێك بداتەوە، ئەیگەڕێنێتەوە بۆ (ئیبتیلا)، لەوە بێ ئاگایە سیستمی سیاسیی لەو وڵاتە ڕۆژئاواییانە بە شێوەیەکی خولیی ئەگۆڕێت و دەیان جار هەڵبژێراوی ناسەرکەوتوو هاتوونەتە سەر دەستەڵات و

40 Burr V. Social constructionism. Routledge; 2015 Apr 21. P. 222.

بـە خێرایـی دوای هەڵبژاردنـی پێشـوەختە یاخـود تەواوکردنـی خولـی سـەرۆکایەتییەکە، دوورخراونەتـەوە. لێـرەدا بـۆ ئەبـێ هاتنـی ترەمـپ بـۆ خـودی وڵاتـە یەکگرتـووەکان ئیبتیـلا نەبێـت، بـەڵام بـۆ میللەتەکـەی ئێمـە ئیبتیـلا بێـت؟ ئـەم دەربڕینـە هییـچ ڕووێکـی زانسـتیی تێـدا نیـە، بێجگـە لـە ترسـاندن و تۆقاندنـی خەڵـك. بۆیـە، لەپـڕ هـاوار ئـەکات «خـوا تورەیـە». ئاخر، چـۆن بزانیـن خـوا تورەیـە؟ قسـەکردن بەنـاوی خـودا لەلایـەن وتاربێژێکـی بەناوبانگـی ئـەم هەرێمـە، بـۆی هەیـە ئەنجامـی زۆر پێچەوانـەی لـێ بکەونـەوە. بـۆی هەیـە دەیـان گەنجـی ئـەو مزگەوتـە، لەسـەردەمێك کـە مۆدێلـی داعـش و گرووپـە توندڕەوەکانـە، لـە رقـی هێزەکانـی ئەمریـکا لەناوچەکـە، ئەکرێـت ئەنجامـی زۆر پێچەوانـەی لـێ بکەونـەوە.

لەهەمان کاتدا، وتاربێژێکی سەر بە نەوەی یەکەم، ژمارە (١٨)، باس لە هاتنی ترەمپ ئەکات و ئەڵێ:

«ئـەو رۆژانـە زۆر باسـی هاتنـی ترەمـپ ئەکـەن. ئێمـە کارمـان بـە ترەمـپ و غەیـری ترەمپـەوە نیـە، گرنـگ ئەوەیـە ئێمـە لەنـاو خۆمانـدا کـۆك بیـن و ناوماڵـی خۆمـان ئاسـایی بکەینـەوە».

ئـەم وتـارە لـە وتاربێژێکـی (نـەوەی یەکەم)ـەوە جیاوازییەکـی زۆری لەگـەڵ وتاربێژێکـی پشـاخان ئیسـلامیی هەیـە. لەلایەکـەوە، نایبەسـتێتەوە بـە ئیبتیـلا، لەلایەکـی تـروە بـۆ ئـەو، ترەمـپ و غەیـرە ترەمـپ کێشـە نیـن، بەڵکـو پەیوەندیـی بـە ڕێکخسـتنەوەی ناوماڵـی کـورد و بەکۆکبوونـی ناوخۆییـەوە هەیـە. ئـا لێرەدایـە، جیـاوازی وتـاری مەلایەکـی کوردەواریـی «نـەوەی یەکـەم» لەگـەڵ نەوەیـەك کـە مەبەسـتییەتی فۆبیـا درووسـت بـکات لـە پێنـاو پۆپولیزمـدا.

## چوارەم: ئاستی ئابووریی و ئیداریی

ئینجـا لـە هەمـان وتـاردا، لەچوارچێـوەی «ئاسـتی ئابووریـی و ئیداریـی» دا، وتاربێژەکـە لەکێشـەیەکەوە پـاز ئـەدات بـۆ کێشـەیەکی تـر. بەسـتنەوەی کێشـە ڕەوشـتییانە و ئیدارییـەکان و بەراوردکردنـی حکومەتـی عێـراق و حوکومەتەکانـی هەرێم، جێـگای لەسـەر وەسـتانە. ئـەو بـاس لـە «وەزیـری زراعـەی ڕژێـم و دزینـی پـارە»، ئـەکات، لـەو چوارچێوەیەشـدا، لەجیاتـی ئـەوەی لـە وتارێکـی تایبەتـدا ڕەخنـە لـە وەزارەتـی کشـتوکاڵی حکومەتـی هەرێـم بگرێـت، بـاس لـە فەزڵـی حکومەتـی بەعـس ئـەکات لـە ڕەفتارکـردن لەگـەڵ وەزیرێکیـدا٤١، کـە دوایـی لەسـێدارە دراوە لەسـەر دزییکـردن. پاشـان بـاز ئـەدات بـۆ سـەردەمی عەبدولکەریـم قاسـم و بـاس لـە کێشـەی بەنزیـن ئـەکات و ڕووداوێکـی ئـەو سـەردەمە ئەگێڕێتـەوە و ئەڵـێ:

«بەهـۆی گرانبوونـی بەنزیـن لـە سـەردەمی عەبدولکەریـم قاسـمدا، بەنزیـن گـران ئەکرێـت. قاسـم ئەپرسـێت؛ چ ڕوویـداوە؛ وتیـان ئـەو خەڵکـە لەبـەر گرانکردنـی بەنزینـی موزاهەرەیـان کـردووە، وتـی؛ لـۆ چەنـد گـران بـووە؟ وتیـان؛ چـوار فلـس. وتـی؛ بابـە بـڕۆن بەبـەلاش دابەشـی بکـەن.

ئینجا ئەڵێ:

حکومـەت عیلاجـی بەنزیـن بکـە بـۆ خەڵـك. ئەوانـەی ئەچـن بـۆ حـەج و عومـرە، ماچکردنـی حەجـەرول ئەسـوەد سـوننەتە. مـاچ کردنـی حەجەرولئەسـوەد واجـب نییـە.

ئینجا باز ئەدات بۆ کێشەیەکی تری تەواو جیاواز و ئەڵێ:

«یەکەکـی تـرش (پیاوێکـی تـر) (لەپرۆسـەی درووسـتکردنی خانووەکەیـدا) دەسـتی لـە جامەکـەی داوە، وتویەتـی باشـە ئـەو جامـە ئەسـتورە دەنگـی بانگـی لـێ نایـەت (واتـە پێیـدا تێپـەڕ نابێـت)؛ ئەگـەر نیکاحـی داکـت لـۆ بابـت بـەو ئیسـلام و بانگـە نەبایـە بابـی خـۆت نەئەناسـی، نـەت ئەزانـی داکـت چەنـد مێـردی کردینـە».

---

٤١ وەکو پرسێکی نیشتمانسازیی، ئەبوایە هەر زوو پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەربکردبایە بۆ قەدەغەکردنی بەعس، هەموو جۆرە پیاهەڵدانێکیش بە ڕژێمی بەعس، وێڕای تاوانبارکردنی هەرکەسێك کە ئینکاری جینۆسایدی کورد بکات، ئەوسا وەسفکردنی دیکتاتۆرێک بەو جۆرە ئاسان نەئەبوو و ڕێگای پێ نەئەدرا.

لـەو وتـارەدا، لەلایـەك نەبوونـی یەكـەی بابـەت، دووەم، دابەزیـن بـۆ ئاسـتێكی نزمـی گفتوگـۆ، كاتێـك كێشـەی سـەخڵەتبوونی خەڵـك بـە بـەرزی دەنگـی میكرۆفۆنەكانـی بانگـەكان، كـە زۆربـەی جـاران كێشـەیەكی جیددیـە، تـا ئاسـتێك كـە بـە پێـی گرانیـی و هەرزانیـی بـازاڕی خانووبـەرە، ئـەو خانووانـەی نزیـك مزگەوتەكانـن، بـە بڕێـك پـارە نرخییـان هەرزانـترە. بۆیـە ناوزەدكردنـی خەڵـك بـەو شـێوە بازاڕییـەی كـە ئەڵـێ: «بـەو ئیسـلام و بانگـە نەبایـە بابـی خـۆت نەئەناسـی، نـەی ئەزانـی داكـت چەنـد مێـردی كردینـە»، جۆرێـك لـە بێئاگایـی و سـووكایەتییكردن بـەو كەسـانەی كـە خـودی قسـەكە بەڵگـەی بـێ باوەڕیـی نیـە، جگـە لـەوەش سـووكایەتیی كردنـە بـە ژنـان و جیاوازیـی جێندەریـی. ئـەم شـێوازە لـە وتـاردان، جۆرێـك لـە گـەڕەلاوژە لـە هـزر و بیركردنـەوەی خەڵكـدا درووسـت ئـەكات، جگـە لـەوەی كـە پابەنـدی ڕێنوێنییەكانـی ئـەو پێوەرانـەش نیـە كـە وەزارەتـی ئەوقـاف دیاریـی كـردوون.

دوا وتـار، ژمـارە (٢٥)، لەچوارچێـوەی «ئاسـتی ئابووریـی و ئیداریـی»، بەبـێ ئـەوەی بزانێـت چـۆن ئـەو بـوارە شرۆڤـە بـكات بـۆ ئامادەبـووان، ئەڵـێ:

«گوێـم لـێ بـووە ئەڵێـن لەسـەردەمی شـا فەیسـەڵدا وەزارەتـی دارایـی عێراقییـان داوە بـە جوولەكەیـەك بەنـاوی حیسـقیل و دارایـی عێراقـی پێشخسـتووە. بەڕێـزان، ئـەو قسـەیە پلانـی جوولەكـەكان و ماسـۆنییەكانە. ئیـدارە و ئابووریـی نابێـت بكەوێتە دەسـتی غەیـرە دیـن. ئابـەو جـۆرە ئیسـلام ئەكەوێتـە خەتـەر و سـەرچاوە داراییەكانمـان ئەدەنـە دەسـت كافـر و موشریـک و مونافیقـەكان. بگەڕێنـەوە بـۆ ئیسـلامەكەتان و جڵـەوی دیـن و دونیاتـان لـە دەسـت عیلمانییـە مونافیقـەكان دەربێنـن».

ئـەم وتارخوێنـە هییـچ پاشـخانێكی ئیسـلامی سیاسـیی لـێ نەزانـراوە بـەڵام لـە نـەوەی (دووەم)ی ئیسـلامی تەقلیدییـە و دەرچـووی شـەریعەیە. لەهەمـان كاتـدا ئـەو میكانیزمـەی كـە بیـری پـێ ئەكاتـەوە، هەمـان میكانیزمـی نـەك هـەر ئیسلامییەكانە، بەڵكـو چووەتـە پانتایـی توندڕەویـی و هەڕەشـە لـە بەشـێكی بەرفراوانـی كۆمەڵگـە ئـەكات كـە باوەڕیـان بـە سیسـتمی سـەكولاریزم هەیـە بـۆ بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت، چ جـای سـووكایەتییكردن بـە غەیـرە موسـوڵمانەكان و بـە خـودی سەكولاریسـتەكانیش و بـە مونافیـق ناویـان ئەبـات. ئـەم تێكەڵكردنـە و جۆشـدانی خەڵـك لـە دژی كەمینـە ئاینییـەكان، تەنانـەت لـەدژی ئەوكەسـانەی كـە ئیسـلامییانە بیـر ناكەنـەوە، لـە كۆتاییـدا لـە حاڵەتـی بەردەوامبوونـی ئـەو جـۆرە وتـارە، پەشـێوی كۆمەڵایەتیـی لـێ ئەكەوێتـە و ئەبێـت بـە ئەگـەری درووسـتبوونی مەترسـی لەسـەر ئاشـتی كۆمەڵایەتیـی.

## پێنجەم: ئاستی توند و رادیکاڵ

سـەبارەت بـە «ئاسـتی تونـد و رادیـكاڵ» كـە پەیوەنـدی بـە پەیوەندییـەكان، ڕێكخسـتن و پشـت بـە یەكبەسـتن (interdependency)ـەوە هەیـە، كۆمەڵگـە دابـەش ئەكرێـت بـۆ سـەر مونافقیـن و كافـر و بـاوەڕدارەكان كـە لەباشـترین حاڵەتـدا (سـەلەفییەكانن)، لەسـەر بنەمـای ڕواڵەتییـەوە. ئـەو ڕواڵەتـە لای وتارخوێنـی ژمـارە (١٩) ئەوەندە گرنگـە، گەورەترین سـزایان هەیـە و پەیوەندییـەكان ئەگەڕێنێتـەوە بـۆ قیامـەت و وەسـفی دۆخـی ئـەو كەسـانە ئـەكات و ئەڵـێ:

«مونافیقیـن، موشریـک و كافـرەكان كاتێـك مەلائیكـە ڕۆحیـان ئەكێشـێت، لـە دوو جێگایـان ئـەدات، (وجوهھـم) بەشـی پێشـەوەیان، و(ادبارھـم)، بەشـی پشـتەوەیان، جـا لێدانـی مەلائیكـە وەكـو هـی مـن و تـۆ نیـە. لێدانـی مەلائیكـە كـەس نازانێـت تەسـەووری كات لێدانەكـەی چۆنـە، بـەم شـێوەیە ڕوحـی ئـەو مونافیقـە ئەكێشـێت. لـەڕووی ئەدرێت، لەپشتەوەشـی ئەدرێـت. باشـە بـۆ لـەڕووی و لـە پشتەوەشـی ئەدرێـت ئـەی خـوای پـەروەردگار؟ لەبـەر ئـەوەی بەم ڕووەی ئیسـلامی پیشـان داوە، موسـوڵمانیەتی پیشـان ئەیـا، نوێـژی پیشـان ئەیـا، ڕۆژووی پیشـان ئەیـا و زەكاتـی پیشـان ئەیـا، بـەڵام بـەم پشـتەی وەرگەڕابـوو لـە دینەكـەی و پشـتی تێكردبـوو، ڕقـی لێـی بـوو. لەبـەر ئـەوە زاهیـر و باتنیشـی ئەبـێ بكوترێتـەوە لەبـەر

ئـەوەی بـە هەردووکـی تاوانییـان کـردووە، لەبـەر ئـەوەی ئەوانـە بـەردەوام بەشـوێن تووڕەکردنـی خـوای پـەروەردگارەوە بـوون. قسـەی لەگـەڵ بکەیـت؛ ئەڵـێ ئـەم ریشـە چییـە. ئـەم شـەرواڵە بـۆ وایـە، ئـەم پەڕۆیـە چییـە بەسـەر ئـەم ئافرەتـەوە، ئیـتر هـەر ئـەم قسـانەی لـێ ئەوەشـێتەوە. دائیمـە پێچەوانـەی شـەرعەکەی خـوای پـەروەردگارە، ناخـی بۆگەنـی دێـت کـە قسـەی لەگەڵـدا ئەکـەی.... ئەوەنـدە رقـی لـەم دینـەی خـوای پـەروەردگارە رەخنـەی لـێ ئەدۆزێتـەوە و دژایەتیـی ئـەکات، وکرهـو رضوانـە ، بـۆ خۆشـیان و نـە بـە خەڵکیـش، بۆیـە هـەر موسـوڵمانە ئەگرێـت کاکـە ریشـت بتاشـە، کاکـە شـەرواڵەکەت وا لـێ بکـە.. ئـەو پەچەیـەت ناوێـت. یأمـرون بالمنکـر».

لێـرەدا، سـادەکردنەوەی پەیوەندییـەکان لـە هەندێـك دیـاردەی رواڵەتـکار، خـودی ئەقڵـی دینیـی ئەخاتـە نـاو قەیرانێکـی قووڵـەوە، چونکـە لـە لایـەك ئـەو بیرکردنەوەیـە پەیوەندیـی بـە خـودی کۆمەڵگـەی خۆیـەوە نیـە، بۆیـە ئـەو گرووپـە بەپێچەوانـەی زۆرینـەی کۆمەڵگـە، لـەڕووی پۆشـیین و فۆرمـەوە، خۆیـان جیـا کردۆتـەوە. لێرەدا، ئەگـەر قسـەکردنیش لەسـەر فـۆرم و رواڵەتـی ئـەو کەسـانە هەبێـت، خەتـا لـە کۆمەڵگـە نیـە، بەڵکـو ئەوانـن کـە مۆدێلێکـی نـوێ لەجـل و بـەرگ و خۆدەرخسـتنییان هێناوەتـە نـاو خەڵـك، کـە لـە توێژینەوەیەکـی تـردا بـە زمانـی عەرەبیـی، ناومـان نـاوە ناوەندگەرایـی نـەژادی «ئەثنـۆ سـەلەفیزم٤٢».

سـەرەڕای ئـەو سـادەکردنەوەیەش، ناوزەدکردنـی ئـەو خەڵکـەی کـە رەخنەیـان لـێ ئەگـرن بـە (مونافیـق) و ئـەو سـزادانەش کـە ئـەو وتارخوێنـە جەختـی لەسـەر ئەکاتـەوە، تەعبیـرە لـە سـادەیی بیرکردنـەوە و بەکارهێنانـی دەقـە دینییـەکان لەپێنـاوی گرووپەکـەی خۆیـان، کـە پێیـان وایـە ئـەوان «کۆمەڵـەی رزگاربـوو» یـا «فیرقـەی ناجیـە»ن. ئـەو ئاڕاسـتەیە بەشـێکی گرنگـە لـە ناوەندگەرایـی نەژادیـی (ethno-Salafism)٤٣. دەرهاوێشـتەکانی ئـەم جـۆرە وتـارە، سـەرئەگرێت بـۆ ناسـەقامگیریی کۆمەڵایەتیـی و جیاکردنـەوەی خەڵـك لەسـەر بنەمـای جـل و بـەرگ و ریشـەوە.

هـەر لەسـەر "ئاسـتی تونـد و رادیـکاڵ" وتارخوێنـی (ژمـارە ٢٠)، پانتایـی موسـوڵمان بـوون هێنـدە بەرتەسـك ئەکاتـەوە، کـە کاریگەرییەکـی راسـتەوخۆی لەسـەر سـایکۆلۆجیی مرۆڤـی موسـوڵمان ئەبـێ. لەوەهـا دۆخێکـدا گەنجێکـی کـە جـۆش دراوە بـە دینـداری و گوێـی لـەو وتـارە ئەبـێ، هەڵبـەت بـەدوای ئـەو رێگایەکـدا ئەگەڕێـت بیگەیەنێـت بـە بەهەشـت. ئـەو رێگایـە چـۆن ئەدۆزرێتـەوە، لەوانەیـە لـەو حاڵەتـەدا هـەر پەنـا بـۆ پەیوەندییکردنـی ڕاسـتەوخۆ بـەو وتاربێـژە ببـات و تاکـە رێـگای چـوون بـەرەو بەهەشـتی پیشـان بـدات. لـەو بارەیەشـەوە، ئـەو وتارخوێنـە ئەڵـێ:

«تەنهـا ئینسـانی موسـوڵمان ئەچێتـە بەهەشـت هـا، ئـەوەی تەسـلیم بـەس بـە خـوا بـووە، بـە شـتێکی تـر تەسـلیم بووبیـت ناچیتـە بەهەشـتەوە، چونکـە تـۆ موسـوڵمان نیـت بەرامبـەر بەخـوا، موسـوڵمان نیـت بەرامبـەر شـتی تریـش، ... موسـوڵمان نەبێـت ناچیتـە بەهەشـتەوە.... ئەبـو هورەیـرە ئەفەرموێـت؛ خـودا بـە ئـادەم ئەڵـێ: بـرۆ لـە هـەر سـەد کـەس نـەوەد و نـۆ بنێـرە بـۆ دۆزەخ. موسـوڵمان وەکـو یـەك تاڵـە مـوی سـپی لـە پێسـتی گایەکـی رەش».

لـەو گوتـارەدا، دوو رەهەنـد هـەن، یەکـەم: بەئـەوی تـر کـردن، واتـە بـە دۆزەخـی دانانـی خەڵکێـك کـە موسـوڵمان نەبێـت، جۆرێکـە لـە درووسـتکردنی ناسـەقامگیریی لەنێـوان گرووپـە مرۆییـە جیـاوازەکان. بەپێـی بنەماکانـی مافەکانـی مـرۆڤ ئـەم جـۆرە گوتـارە پێویسـتە بوەسـتێنرێت. «بـە ئـەوی ترکـردن، دەرەنجامـی پرۆسـەیەکی کۆمەڵایەتییـە لەرێـی گوتـارەوە، کـە بەهۆیـەوە گرووپـی باڵادەسـت، «ئێمـە»، یەکێـک یـا چەندیـن گروپـی دەرەوەی باڵادەسـت، «ئـەوان، ئـەوی تـر»، بـە لکاندنـی پەڵـە (stigma)یەکـی جیـاوازی ڕاسـتەقینە، یـان خەیاڵیـی وەک نکولیکردنێـک لـە ناسـنامەی و بێبەشـکردن، پاڵنەرێکـە بـۆ

42 Almisbar, 2017. alsalafiat fi kurdistan aleiraq altaarikhu- al'aelami- alaintiqadat. Retrieved December 24, 2018, from http://bit.ly/2ENeVdR

43 Malazada, I. 2015, April 27). Gelo Îslama siyasî dikare netew-dewletê birêve bibe? from http://bit.ly/2ENltZQ Retrieved December 24, 2018.

ئەگـەری جیاکاریـی»٤٤.

دووەم: گفتوگـۆی ئـەو وتارخوێنـە لەگـەڵ موسـوڵمانانە. موسـوڵمانێك چـۆن بتوانێـت جیـاوازی لەنێـوان تەسـلیمبوون بـە خـوا و تەسـلیم بـە شـتێکی تـر بـکات، لەکاتێکـدا ئەویـش نوێژکـەر و خواناسـە. هەمـوو ئەرکـەکان جێبەجـێ ئـەکات. مەگـەر ئـەو وەڵامـە لەلایـەن ئـەو وتارخوێنـە بێـت کـە ئەیەوێـت خەڵـك بـەرەو سـەلەفییەت ببـات و بـە فیرقـەی ناجیـە هەژماریـان بـکات. ئاخـر، خـودی ئەبوهورەیـرە نیشـانەی پرسـیاری زۆری لەسـەرن سـەبارەت بـەو هەمـوو فەرموودانـەی ئەیانگێڕێتـەوە، تەنانـەت لەلایـەن ئەهلـی حەدیـس.

لێرەدا، وتاربێژی ژمارە ٢١، بە هەڵهێنان قسە ئەکات و ئەڵێ:

« ئەگـەر بڵێـم نیـوەی قورئـان باسـی قیامـەت ئـەکات، زیادمـان پێـوە نەنـاوە... ئەگـەر بڵێیـن نیـوەی فەرمـوودەکان باسـی ئـەو ڕۆژە ئـەکات زۆرمـان نەوتـووە».

دەی کەسـێك قسـە لـە قیامـەت و چارەنوسـی مرۆڤـەکان بـکات، نابێـت بزانێـت وردەکاریـی لـەو ڕووەوە چیـن و ئـەو فەرموودانـە لـە کام چوارچێـوە و کۆنتێکسـتێکەوە بـاس لـە قیامـەت ئەکـەن؟ کێشـەکە لێـرەدا تەنهـا تۆقانـدن و ترسـاندنی خەڵکـە لەپێنـاو پۆپولیـزم و زیادکردنـی ئـەو خەڵکانـەی کـە ئەیانەوێـت لـەدەوری ئـەوان کۆببنـەوە.

## ئەنجامەکان

کۆمەڵگـەی ئێمـە لەبـەردەم دوو نـەوەی ئیسـلامی ئاییـن لەلایـەك و ئیسـلامی سیاسـییش لەلایـەك، ڕووبـەڕووی گەڕەلاوژێیـەك لـە وتـاری ئاینیـی ئەبێتـەوە، کـە بەگشـتیی لەژێـر کاریگەریی ئیسلامی سیاسـیی دایـە و بەمیکانیزمی ئیسـلامی سیاسـیی بیرئەکەنـەوە و قسـە ئەکـەن. تێگەیشـتن و شـرۆڤەکردنی ئـەو جـۆرە وتـارەش لـە چوارچێـوەی تیـۆری پرۆسـەی سۆسـیالیزەبوونی «نەبیینـا « کاری لەسـەر کـراوە، بـەو مانایـەی وتـاری ئیسـلامی ئاییـن بەبـێ ئـەوەی خـۆی بیەوێـت، بەئاڕاسـتەی ئیسـلامیزەبوون، وەکـو پرۆسـەیەکی نەبیینـا یـا بـێ پـلان، وتارەکانـی خـۆی پـەرە پـێ ئـەدات. بەشـێکیش لـەو پرۆسـەیە بەشـێوەیەکی ورد شرۆڤەکـراون و لێیـان کۆڵراوەتـەوە.

لەدەرهاوێشـتەکانی ئـەو توێژینەوەیەشـدا، ئەوەمـان بـۆ ڕۆشـن ئەبێتـەوە، کـە وتارخوێنـەکان، بەقـەد ئـەوەی کـە سـادەن و لـە وتارەکانیشـەوە دەرئەکەوێـت کـە ئاسـتی مەعریفیشـیان نزمـە، هێنـدەش گـوێ بـە هەسـت و نەسـتی ئامادەبووانـی ڕۆژی هەینـی نـادەن. گـوێ بـە ئاسـتە جیـاوازەکان نـادەن و گوێـش بـەوە نـادەن داخـۆ ئاکامـی ئـەو وتـارە چـی لـێ ئەکەوێتـە و، چـۆن ئەبێـت بـە هـۆکار بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی خێزانێـك، یـا سـەرگەردانکردنی مرۆڤێـك.

بەگشتیی، ئەنجامەکان کەچەند تایبەتمەندییەکن لەچەند خاڵێکدا، ئەکرێت بخرێنە بەرچاو:

یەکـەم: بەگشـتیی، ئاسـتی ئـەو وتاربێژانـە وەک لـە وتارەکانـدا دەرئەکەوێـت تـا ئاسـتێکی زۆر و، بـە ڕێـژەی جیـاواز هـەژار و بـێ زانیارییـن لەبـوارە جیاوازەکانـدا. دەرچووانـی کۆلیـژی شـەریعە زانسـتە ئیسـلامییەکان، وەکـو هەمـوو بەشـەکانی تـری زانکـۆکان، دوای دەرچوونیـان لـە شـەریعە پێویسـتە لەکۆرسـێکی یەکسـاڵیی یـا دووسـاڵیی دا، لـە سـێ بـواردا تایبەتمەنـد بکرێـن، یەکـەم لەبوارێکـی ئاییینـی دیاریکـراو. دووەمیـش لـە بـواری وتاربێژیـی دا، سـێیەمیش کـە زۆر گرنگـە لـە بـواری دەروونزانیـی و کۆمەڵناسـیی دا. هـەر کەسـێک لـەو سـێ لایەنـەدا بڕوانامـەی نەبێـت، ناکرێـت ڕێـگای وتاربێژیـی پـێ بدرێـت.

دووەم: کـەم وایـە حیکمـەت و دانایـی لـەو وتارانـەدا هەسـتییان پـێ بکرێـت، ئەمـەش بەهـۆی نەبوونـی تایبەتمەنـدی لەوتاربێژیی دا. وتاربێژیـی لـە خـودی خۆیـدا زانسـتێکە، بۆیـە پرسـیارەکە ئەوەیـە؛ بەبـێ شـارەزابوون لـە وتاربێژیـی، چـۆن

44 Staszak, J.F., 2008. Other/otherness. International encyclopedia of human geography, 1, P.25

ئەبێ کۆمەڵگە بدرێتە دەست خەڵکی نەشارەزا؟
سێیەم: هەر لە پەیوەندیی بە نەشارەزایی لە وتاردانەدا، بە هیچ جۆرێك حیساب بۆ ئاستی جیاوازی خەڵکی ناو مزگەوت ناکرێت، لەکاتێکدا پیاو و ژن، منداڵ و گەورە و خوێندەوار و نەخوێندەوار ئامادەی وتارەکانی رۆژی هەینیی ئەبن.
چوارەم: لەو وتارانەدا بەئاشکرا ئەوە دیارە کە خوێن و سەربڕین و توندتیژیی، هاوارکردن و تووڕەبوون، نۆرماڵیزە کراون، ئەکرێت هەر ئەو هۆکارە بێت بۆ ئەوەی ئامۆژگاریی و وتاری مزگەوتەکان کاریگەریی لەسەر خەڵك نابێت. هەر یەک پیاسەی سادە بەناو دوکاندارەکانی بازاڕ، لەوە تێئەگەین داخۆ کاریگەریی وتاری مزگەوتەکان تا چ ئاستێک رەنگدانەوە پێچەوانەی لەسەر سایکۆلۆجیای خەڵك داناوە.
پێنجەم: بەشێك لەو بەئایدیۆلۆژیاکردنەی وتارەکان، قسەکردنە بەناوی خوا، لە نموونەی «خوا تووڕەبووە». «خوا وەهای ئەوێت» و تاد. لەکاتێکدا ئەمە جۆرێکە لە وروژاندن و هەراسانکردنی باوەڕدارەکان و لەکۆتاییشدا پۆپولیزمێکی هەراسانکەر.
شەشەم: سادەکردنەوەی کێشەکان و پرسەکان و تێکەڵ بەیەککردنیان بەشێکن لەو ئاڵۆزییەی کە وتاربێژەکان ئەیکەن، ئەمەش هەر پەیوەندیی بە هەژاریی وتاربێژەکانەوە هەیە لەڕووی زانستییەوە.
حەوتەم: لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، لەوانەیە بپرسن مادام وتارەکان کاریگەرییان نیە، کێشە چییە؟ لە وەڵامدا بۆ ئەو پرسیارە، کێشەمان زۆرە، سایکۆلۆجیای خەڵك لەژێر بارودۆخی سەختی هەرێمی کوردستان ماندووە. وتاربێژەکان بە دەنگی بەرز، بە تووڕەبوونی خوا، بە ئاستی جیاوازی قسەکردن بۆ ئامادەبوان، رەنگدانەوەی پێچەوانەی ئەبێ لەسەر لایەنی دەروونیی خەڵك. شیرازەی خێزان ئەشێوێنێت، خەڵك لەجیاتی ئەوەی دەستپاک و پابەند بن بە بنەما رەوشتییانەکانی بازاڕ و کڕین و فرۆشتن، ساختە لە هەموو شتێکدا ئەکەن و متمانە بە هیچ شتێک نامێنێت.
هەشتەم: بەشێک لەو وتارانە، مەترسی لەسەر پێکەوەژیان و پێکەوە هەڵکردن هەیە. هەر وتارێک مەترسی لەسەر پێکەوەژیان درووست بکات، پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، کە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان پێویستییەتی.
لەو پێودانگەشەوە، دونیای وتاری ئیسلامیی بە گەڕەلاوژێ و هەژارییەکی تەواودا تێپەڕ ئەبێ. قسەکردن لە چارەسەرێك بۆ سنووردانان بۆ ئەو گەڕەلاوژێ و هەژاری هزریی و وتاردانە، مەسەلەیەکی چارەنوسسازە بۆ خەڵکی کوردستان.

“Exploring the Islamization of Society”

Contrasts and Convergences between Religious Islam and Political Islam”

Since the ١٩٩٠s, the Islamization of society has been steadily advancing at both the levels of Religious/Islam in the form of (traditional) and political/Islam. These two movements employ distinct, or sometimes similar, mechanisms to perpetuate the process of Islamization or preserve the current religious landscape, albeit with divergent aims and objectives. In this study, our emphasis is on the contention that the endeavors of traditional Islam not only serve political Islam but also play a direct or indirect role in fostering the Islamization of society.

To derive an accurate response to the aforementioned argument regarding whether religious Islam aligns

with the strategy of political Islam in Islamizing society, two methods have been employed:

The initial approach involves analysing ٢٠ speeches from speakers, aiming to comprehend the content and implications of these speeches.

In addition, feedback was sought from ٧٠ individuals with an Islamic background. They were queried about whether the mosques they frequented had Islamist or traditional preachers before their conversion to Islam. This inquiry aimed to gauge the extent to which the sermons in these mosques contributed to the objectives of political Islam.

In this theoretical study, the focus is on identifying the endeavours of the traditional Islamic movement within the context of figurational sociology. Specifically, the examination centers on the process termed “blind socialization,” referred to here as blind Islam, denoting an unintended and unplanned progression. Essentially, traditional Islam, while following its own trajectory, inadvertently contributes to the Islamization of society.

Key Words: traditional Islam, political Islam, Islamic discourse, extremism and blind Islam.